
# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


باسێکی کورت لەسەر مێژووی بزووتنەوەی


William Jones

چارتیستی بەریتانی لە لاپەڕە 6 دەخوێننەوە...


John Frost


ساڵی شەشەم ژمارە(123) بەرواری 15–6–2022    بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە    مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## بەرەی بۆرژوازی کورد و ئەزموونی هەرێم، لە هەلومەرجی تازەدا!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

٩ی ئەم مانگە حزبەکانی بەرەی بۆرژوازی کورد بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبونەوە. کۆبونەوەکە تایبەت بوو بە پرس و کات و ڕێوشوێنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان.



پرسی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا، کە لەلایەکەوە دۆخی سیاسی کوردستان لەبەردەم نائارامی و شلۆقی و هێرش و دەستێوردانی بەردەوامی وڵاتەکانی ناوچەکە لەلایەک و لەلایەکی ترشەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری بە دژی حزبەکانی بۆرژوازی کوردا، لە هەڵکشاندایە، مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی لەگەڵ مەترسیەکی زۆر گەورە بەرەوڕوو کردۆتەوە.

پرسی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا، لە بنەرەتدا بۆ جەماوەری کوردستان کۆتایی هاتووە. جگە لە بەشێکی زۆر کەمی کادر و بەرپرسە حزبیەکان و ژمارەیەک بەرژەوەندخوزاو و چارەنووس وابەستە بە حزبەکان بەگشتی و حزبە دەسەڵاتدارەکان بەتایبەتی، کەسی تر باوەری بە درۆی هەڵبژاردنەکان نەماوەو بەکردەوە خەڵکی کوردستان بەو ڕاستیە گەیشتون کە هەڵبژاردن تەنها گەمەیەکی فریوکارانەیە بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتێکی نارەواو نایاسایی بۆرژوازی کورد بەسەر چارەنووسیاندا.

تەنانەت کادر و بەرپرسە حزبیەکانیش ئەو ڕاستیە دەزانن، کە هەڵبژاردن هیچ لە واقعیەتی باڵادەستی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان بەسەر زونەکاندا ناگۆڕێت و لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئاکامەکەی هەرچیەک بێت، دەسەڵاتی پشت بەستوو بەپاوانی داهات و چەک و خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکە، دەستبەرداری دەسەڵات نابێت و جێگا بۆ هیچ لایەنێکی تر چۆڵ ناکات. هەروەها دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگای ئاشتیانە!! و لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە، ڕێگایەکی بن بەست و لەوەش زیاتر فریوکارییەکی ئاشکرایە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و سەرجەم حزبەکانی تر لە بەرەی بۆرژوازی کورد، تا دەگاتە

بۆ لاپەڕە 2

## داخستنی خەستەخانەی جمهوری "شەهید هێمن" لە سلێمانی تاوانێکی نەبەخشراوە!




بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ و لە پێش هەموویانەوە بەپێی نامەیەکی بەڕێز خەڵات عومەر بەرێوەبەری خەستەخانەی جهوری و ناسراو بە خەستەخانەی "شەهید هێمن"ی هەناوی کە ئاراستەی بەرپرسانی حزبی و حکومی لە سلیمانی کردووە، دەڵێت دەسەڵاتدارانی زۆنی سەوز دەیانەوێت خەستەخانەکە دابخەن. خەستەخانەی شەهید هیمن، یەکێک بووە لەو خەستەخانەی کە لەسەردەمی پەتای کۆڕۆنادا

بۆ لاپەڕە 3

## لە بەسرە خۆپیشاندان بۆ دامەزراندن دەستی پێکردوە!



لە درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراقدا، بەرواری ١٢ی ئەم مانگە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری بەسرە بەتایبەتیش کریکاران و فەرمانبەرانی گرێبەست بەمەبەستی دەستکەوتنی کار و دامەزراندنیان و کردنی کارەکانیان بە دائیمی لە کێڵگەو دامەزراوە نەوتیەکان دەستیان دایە خۆپیشاندان و هەموو ئەو ڕێگەیانەیان داخست کە

بۆ لاپەڕە 3

## شەق وەشاندنی ناو دادگا، هێندەی تر دەسەڵاتی ڕیسوا کرد!...ل7

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


*کۆمەڵگەی ئیران گەواهیدەری دەورەیەکی تر لە ........................... ل3
* کارەباش دەدرێت بە کەرتی تایبەت ................................................. ل4
* عەلی باپیر سوننەت و شەرعی جێبەجێ کردوە................................ ل4
*لاقەکردنی ئەقڵ..(سایکۆلۆجیەتی زاڵبوون بەسەر ......................... ل10


### دۆسیەی ژمارە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"



هاوڕێیان خەسرەو سایەو شوان سدیق، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل11-12-13




پرسی ڕۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان، گرفتیان گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان نییە. کێشەیان ئەوە نییە، کە هەڵبژاردن هیچ لە واقعیەتی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی حزبی ناگۆڕێت، بەڵکو کێشەیان ئەوەیە چۆن خەڵکی کوردستان دوبارە راپێچی هەڵبژاردنێکی تر بکەنەوە، چۆن تورەیی و نەفرەتی جەماوەری لەشەقامدا بگوازنەوە بۆ کایەی هەڵبژاردنەکان و ململانێی ناو پەرلەمان و بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتیان.

بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی پێشوودا، هەر نارەزایەتی نەبوو بە دەسەڵات و حزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو لەوە واوەتر نارەزایەتی و کۆتاییهێنان بوو بە کایەی هەڵبژاردنەکان و ناشتنی پاشماوەی خۆشباوەریەکان بوو بەوەی هەڵبژاردنەکان دەتوانن ئاڵوگۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت و ژیان و گوزەرانییان، بەرەو باشتر ببات.

هەموو خولەکانی پەرلەمان، بەهەموو بانگەشەکان و بەخشینەوەی بەڵێنەکان، نەک نەیتوانی کەمترین ئاڵوگۆر لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا پێک بهێنێت، بەڵکو دوای هەموو خولێکی هەڵبژاردن ژیان و گوزەرانی خەڵک، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان، تا دەگاتە دۆخی سیاسی هەرێم بەرەو خراپتر و خراپتر رۆشتووە.

ناکۆکی و لێکترازانی ناوخۆیی خێزانی بۆرژوای کورد و لاوزبوونی حزبەکانیان و وێرانبوونی پێگەی جەماوەری و کۆمەڵایەتیان، بەجیا لە ململانیی و ناکۆکی بەرژەوەندخوازیانەی حزبی، ریشەی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستاندایە. هێنانە گۆری باسی بازنەکەکانی هەڵبژرادن، لە یەک بازنەیەوە بۆچەند بازنەیی، بەدەستەوە گرتنی بانگەشەی هەنگاونان بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی حزبی بە دەسەڵاتی پەرلەمانی و حکومی و یاسایی. بانگەشەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو و هەنگاونان بۆ تواندنەوەی زۆنەکان لە ئیدارەیەکی سەراسەری و حکومەتێکی بان زۆنییدا. گێڕانەوەی دەسەڵاتی حزب بۆ دەسەڵاتی حکومی، تا دەگاتە بەدەستەوەگرتنی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر قەوارەی هەرێم، هەموویان هەوڵ و پەلەقاژەی بۆرژوازی کوردن بۆ دەرچوون لەو ئەزمەو بن بەست و بێ ئاسۆیەی سیاسیەی تی کەوتوون.

لەم ماوانەی دوایدا رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان!!، لە رێگای نوێنەرەکەیانەوە، هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە، تا باڵادەستی بلۆکی ئەمریکا و غەرب، بەسەر رەقیبە ناوچەیەکان بەتایبەتی ئێراندا زامن بکات، بەڵام ئەمە تەنها لایەنێک و گۆشەیەک لە هەوڵەکانیانە، لایەن و گۆشەیەکی تر هەوڵیانە کە بۆرژوازی کورد لە دارمان بە دەستی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری رزگار بکەن و بەر بەوە بگرن دەسەڵاتی بۆژوازی کورد دوایین گورزی لەسەر دەستی جەماوەری کوردستان بەر بکەوێت.

بۆرژوازی کورد بۆ مانەوەی خۆی و بەرگرتن بە دارمانی دەسەڵاتە سیاسیەکەی لە هەلومەجی ئێستادا زۆرتر ئاراستە و قیبلەنوومای رووی لە ئەمریکاو غەربە. بەتایبەتیش کە لەبەرامبەر زۆرییەکان و گۆشارەکانی بەغدادا گلۆڵەی ڕوو لە لێژییەوە چەکە هەر کاریگەرەکەی کە باڵادەستییە بەسەر دۆسیەی نەوت و غازدا، خەریکە لەدەستی دەردەهێنرێت... بێگومان دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا، لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هیچ کارتێکی جێگرەوەی بەدەستەوە نییە، بەمانای هاتنە گۆڕی ئارایشیکی تازەیە، کە هاوسەنگی هێز لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا بە سودی بۆرژوازی عێراقی دەگۆڕیت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هێندە سنوردار و پابەند بە مەرجەکانی دەکات، کەرۆڵی نوێنەرایەتی بە وەکالەت بۆ بۆرژوازی عێراقی بگێرێت. ئەم ئاڵوگۆرە هاوکات ئاڵوگۆر بە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا دەهێنێت و لەگەڵ خۆیشدا، ئاڵوگۆر بە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بەغدا بە خەڵکی کوردستانەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەغدا باڵادەستی بەسەر هەرێمدا زیادتر بکات، بە ناچار ئاراستەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان کە بنەماکەی" نان و خزمەتگوازاریی و ئازادییەکانە" دەگۆڕێت روو بە دەسەڵاتی ناوەندی و پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیش، زەقتر و بەرجەستەتر دەهێنێتەوە گۆڕ. دیارە ئەو پرۆسیسێکە و بەشێوەی خێرا ناتوانێت بچێتە پێشەوە، بەڵام گومانی تیا نییە ئەو رەوتە لەسەرەتای پێگرتن و هەنگاونانیدایە... پێداگری و چەند بارەکردنەوەی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و قەوارەی هەریم و لەبەردەم مەترسیدایە، ریشەی لەم رەوەندەدایە.

کۆبونەوەکانی ئەم دوایانەی نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان و لەگەڵ حزبەکانی کوردستاندا، چ لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە یان بە پاساوی تر و بۆنەی تر، لە بنەرەتدا لەچوارچێوەی ئەم رەوەندە تازەیەدا دەچێتە پێشەوە. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێم بەهەموو پێوانەیەک مۆری ئەو ئاڵوگۆرەی پێوە دەبێت.

دیارە پرسی هەڵبژاردنەکان، بەهەر شێوازێک لە دۆخی سیاسی ئێستای هەرێمدا، بچێتە پێشەوە، لەبنەڕەتدا هەڵبژاردن ئامانج نییە، بەڵکو هەڵبژرادن ئامڕازێکە بۆ پەیرەوی لە خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی تازەی ناوچەکەدا و لە ژێر کاریگەری ئەو رووداو ئاڵۆگۆرانەی دەستی پێکردووە. لەو چوارچێوەیەشدا هەڵبژاردنەکان بۆ بلۆکی ئەمریکا و غەرب، بەمانای هەوڵێکە بۆ گۆرینی پارسەنگی هێز بە سودی ئەمریکا و غەرب، لە بەرامبەر بەباڵادەستی ئێران و ئەو رەوتی پاشەکشەیەی لە ئاستی فەرمیدا لە عیراقدا توشی هاتووە. ئەمریکا و غەرب دەخوازن ئەم باڵانس و پاشەکشەی ئێران لە کوردستانیشدا جێ بخەن. بە واتایەکی تر ئەو ئاڵوگۆرەی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا پێکهات کە بە پاشەکشەیەکی رێژەیی رەوتەکانی سەر بەئێران لەبەرامبەر بەرەوتە سیاسیەکانی سەر بە ئەمریکا و غەرب پێکهات، دەیانەوێت هەمان رەوەند لە کوردستاندا دوبارەبێتەوە جێگاو ڕێگای ئێران لاوازتر ببێت. دیارە لەگەڵ ئەوەدا ئێران لە ئاستی فەرمی و کایەی هەڵبژاردنەکاندا توشی پاشەکشەیەکی رێژەیی بووە، بەڵام لە ئاستی پراکتیکی و رۆڵی سیاسییدا، کاریگەری بەهیزی لەسەر پرۆسەی سیاسی عیراقدا ماوەو لە هەرێمی کوردستیانیشدا ڕیگریەکی سەخت بۆ دەستێوەردان و تەنانەی شێواندن و روخاندنی سەرجەم ئەزمونی هەرێم، لە بەردەمیدا نییە. نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرجەم بۆرژوازی عیراقی پشت بەستو بە بلۆکی ئەمریکا و غەرب، دەیانەوێت بە وابەستەکردنی زۆرتری  هەرێم بە عیراق و بەغداوە، هەرێم لە هەژموون و هەرەشەکانی داهاتوی ئێران دووربخەنەوە. ئامادەیی بەردەوام و زۆر بوونی رۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکان لە رێگای نێردەکەیانەوە، بەدوای هەر ئەو ئامانجەوەیە.

بەردەی بۆرژوازی کورد لە دۆخی ئێستادا، کە دەرگیری دەیان گرفتی چارە هەڵنەگرن، زۆر زیاتر لەپێشوو مل بە سیاسەتی ئەمریکا و غەرب دەدەن و بە گوێ ڕایەڵی زیاتر بۆ ئەمریکاو غەرب دەیانەوێت رەوتی مانەوەیان بە کۆمەڵێک ئیمتیازاتەوە، لەگەڵ عێراق و دەسەڵاتی مەرکەزیدا لەهەلومەرجی تازەو داهاتوودا زامن بکەن. بەردەوامی پەیامی نوینەری نەتەوەیەکگرتوەکان بەوەی جغرافیا لە سودی خەڵکی کوردستان نییە، دۆخی کوردستان ئاوا نامێنێتەوە، ریشەی لەم واقعیەتانەدایە.

**ناوەڕاستی یونی ٢٠٢٢**

**ناکۆکی و لێکترازانی ناوخۆیی خێزانی بۆرژوای کورد و لاوازبوونی حزبەکانیان و وێرانبوونی پێگەی جەماوەری و کۆمەڵایەتیان، بەجیا لە ململانیی و ناکۆکی بەرژەوەندخوازیانەی حزبی، ریشەی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستاندایە. هێنانە گۆری باسی بازنەکەکانی هەڵبژاردن، لە یەک بازنەیەوە بۆچەند بازنەیی، بەدەستەوەگرتنی بانگەشەی هەنگاونان بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی حزبی بە دەسەڵاتی پەرلەمانی و حکومی و یاسایی!!. بانگەشەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو و هەنگاونان بۆ تواندنەوەی زۆنەکان لە ئیدارەیەکی سەراسەری و حکومەتێکی بان زۆنییدا. گێڕانەوەی دەسەڵاتی حزب بۆ دەسەڵاتی حکومی، تا دەگاتە بەدەستەوەگرتنی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر قەوارەی هەرێم، هەموویان هەوڵ و پەلەقاژەی بۆرژوازی کوردن بۆ دەرچوون لەو ئەزمەو بن بەست و بێ ئاسۆییە سیاسیەی تێی کەوتوون...**

# درێژەی... داخستنی خەستەخانەی جمهوری "شەهید هێمن" لە سلێمانی تاوانێکی نەبەخشراوە!

رۆلێکی ئێکجار بەرجەستەی گێراوە بۆ چارەسەری نەخۆشی کۆرۆنا و لەهەموو شاری سلێمانیشدا تەنها ئەو خەستەخانەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی هەناوی هەیە... دیارە ئەو خەستەخانەیە چونکە وەکو زوربەی خەستەخانەکانی تر لەبەرنامەدایە لەپێناوی سودمەندبوونی چەند کەسێک بفرۆشرێت، دەمێکە نە نۆژەن کراوەتەوە نە وەکو پێویست ئاوڕی لێدراوەتەوە و پێداویستیەکانی بۆ دابینکراوە. لەوەش زیاتر پۆل پۆل لە کارمەندەکانی دەگوازرێنەوە و دابەشی سەر خەستەخانەکانی تر دەکرێن. لەکاتێکدا هەواڵی فرۆشتنی ئەم خەستەخانەیە بڵاوبۆتەوە کە سەرجەم خەستەخانەکانە حکومیەکان بەهۆی پشت



گوێخستنی لەلایەن دەسەڵاتی شار و نەبوونی دەرمان و پێداویستیەکانەوە لەبەردەم هەرەشەی داخستنندان. داخستنی خەستەخانەکان و وەڵام نەدانەوە بەخواستی خەستەخانەکان، بۆ ئەوەیە کە خەڵکی ناچار بکەن رووبکەنە خەستەخانە تایبەتی و ئەهلییەکان و هێندەی تر دەست بخەنە بینەقاقای جەماوەری بێبەش و نەدارەوە، لەپێناو بەرژوەندی چەند کەسێکدا، بەرژەوەندی و سودی دەیان هەزار ئینسان لە بەین دەبەن.

خەڵکی شاری سلێمانی و دەوربەری و بەتایبەتیش کرێکاران و کارمەندانی خەستەخانەی شەهید هێمن و سەرجەم خەستەخانەکانی تر نابێت ڕێگە بدەن ئەم خەستەخانەیە لە پێناو بەرژەوەندی و چاوچنۆکی ژمارەیەک بەرپرسی حزبی و حکومیدا بفرۆشرێت... چۆن کەمپەین بۆ بەرگری و ریگەگرتن لە خەستەخانەی هیوا ڕیگری لەوە کردووە تا ئێستا دابخرێت، دەبێ ئاواش هەوڵ بدرێت بەرپرسانی شار پەشیمان بکرێنەوە لە فرۆشتنی ئەم خەستەخانەیە، کە بەڕاستی تاوانێکی نەبەخشراوی ترە، ئەنجام دەدرێت.

# درێژەی...لە بەسرە خۆپیشاندان بۆ دامەزراندن دەستی پێکردوە!

بۆ کێڵگە و پاڵاوگە نەوتییەکان و کۆمپانیای نەوتی دەڕۆن...

خۆپیشاندەران داوایان کرد کە هەموو ئەوانەی ئامادەی کارکردن و گرێبەستی کاتیان هەیە دابمەزرێن و گربەستەکانیان بۆ بکەن بە گرێبەستی هەمیشەیی... دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە ئەو کرێکار و کارمەندانە دەرژێنە سەر شەقامەکان و داوا دەکەن بە یەکجاری دابمەزرێن، کەچی وەڵامیان پێ نادرێتەوە و خاوەکار و کۆمپانیاکان، ساڵانە تەنها هەزار کەس دادەمەزرێنن و زوبەشیان بە شێوەی گرێبەستی کاتی... لەکاتێکدا خوازیارانی کار بەسەدان هەزار کەسن.



شاری بەسرە کە خۆی سەرچاوەی سەدا هەشتای داهاتی هەموو عێراقە، کەچی دانیشتوانی ئەو شارە وەکو سەرجەم شارەکانی تری عێراق، لە هەلومەرجێکی سەخت و نەبوونیدا ژیان و دەکەن و لە کەمترین خزمەتگوزاریەکان بەهرەمەندن...

بەپێی دوا بریاری حکومەتی عێراق و یاسای ئاسایشی خۆراک کە لە پەرلەمانی عێراق پەسەندکرا... هەر شارێک ساڵانە دەتوانێت ١٥ هەزار کەس دابمەزرێنێت، ئەوەش نەک وەڵامدەرەوەی لەشکری بێکاران و خوازیاری کار نییە، بەڵکو بەدەیان هەزار ئینسانی ئامادەبەکار بە بێکاری دەهێڵتەوە بێ ئەوەی بیمەی بیکاریان پێ بدرێت و ژیان و گوزەرانیان زامن بکرێت.

کرێکاران و کارمەندانی خۆپیشاندەر بەجیا لەوەی سورن لە داخوازییەکانیان هاوکات رایان گەیاندووە کە ئەگەر وەڵام بەداخوازییەکانیان نەدەنەوە، ئەوا درێژە بە خۆپیشاندەکانیان دەدەن و هەموو ئەو ڕێگا و دەروازانەش کە بەرەوە کێڵگە نەوتیەکان و کۆمپانیاکان دەچن بە تەواوی دابخەن...

# کۆمەڵگەی ئێران گەواهیدەری دەورەیەکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتیی جەماوەرییە...

یەک مانگی رابردوو، کۆمەڵگەی ئێران گەواهیدەری دەورەیەکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە بەدژی دەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی. بزوتنەوەی نارەزایەتی شارەکانی خوزستان، هاتنە مەیدانی خەڵکی ئابادان دوای ڕوداوی دڵهەژێنی متروپول، بەردەوامی خۆپیشاندانی خانەنشینان. مامۆستایان، مانگرتنە کرێکارییەکان لە شارەکانی تر، نیشانی دەدات کە بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری لە ئیراندا لە رەوتێکی روولەپیش و بەرین بوونەوەدایە، لەپێناو ژێرەو ژوورکردنی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی سەرمایە. لە جەرگەی بەرین بوونەوەی ئەو بزوتنەوە نارەزایەتتیە جەماوەریەدا دەنگی بەرەی راستی بۆرژوازی پیشتر لە جاران دەبیسترێ و لە ناسیونالیستەکانەوە تا دەگاتە میراتگرانی رژێمی شاهانشایی، و رەوتە ئیسلامیەکان و لیبراڵەکان و دەیان رەوتی تری سیاسی چاو لەدەستی لە ئەمریکا و غەرب تاد.



بزوتنەوەی ژێرەو ژوورکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران، رەوتێکی روولەپێشە، بۆیە سەرجەم بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان و حزب و ریکخراوە سیاسیەکان لەهەوڵدان تا هەژموونی سیاسی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی روخاندنی رژێمدا زاڵ بکەن. بزوتنەوەی روخاندنی رژێم لە ئێراندا لە هەندێک تایبەتمەندی بەهرەمەندە کە نیشانی دەدات بەرەی چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەڵگە زۆرترین شانسی هەیە تا بتوانێت ئەم بزوتنەوەیە کۆمەلایەتییە فراوانە بۆ روخاندنی رژێم بە مەنزەڵی دڵخواز بگەیەنێت و لەوەش زیاتر سیستەمێکی سیاسی جیاواز لە سیستەمی بۆرژوازی بکاتە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئیستا.

ئامادەیی بەرجەستەی چینی کریکار و بەدەستەوەگرتنی هەژموونی بەسەر بزوتنەوەی جەماوەریدا، یەکێک لەو تایبەتمەندیانەیە کەبزوتنەوەی روخاندنی رژێم لێی بەهرەمەندە. بوونی نەریت و شیوازەکانی خەباتی کریکاری لەجیگای نەریت و شیوازەکانی بۆرژوازی تایبەتمەندیەکی ترە کە بەسادەیی دەتوانرێت ببینرێت... ئامادەیی بەردەوامی رابەرانی کریکاریی چەپ و سۆشیالیست لەسەر ئاستی رابەری مانگرتن و خۆپیشاندان و جموجۆڵە کریکارییەکان. پایەگای بەهێزی چەپ و کۆمۆنیزم کەسایەتییە سیاسیەکانی لەناو چینی کریکارو ئەزموونێک کە ئەم بزوتنەوەیە بەدەستی هێناوە. لێک هەڵپێکرانی بزوتنەوەی کرێکاریی و بەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە، لاوازی رۆڵی ئەمریکا و غەرب لەناو بزوتنەوەی روخاندی رژێمدا... هەموو ئەمانە ئەو تایبەتمەندیانەن کە کۆمەک بەوە دەکات چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەڵگەی ئیران، شانسی بەسەرکەوتن و دەستراگەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی هەبێت... دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئەمە خۆبەخۆ بە جێگای دڵخواز بگات، بەڵکو لە گرەوی ئەوەدایە چەپ و کۆمۆنیزمی دەخالەتگەر، حزوری هەمەلایەنەی خۆی، نەخشەو پرۆژەی سیاسی خۆی، توانایەکانی بۆ لابردنی کۆسپەکانی بەردەم شۆرش، زامنکردنی رابەری سەراسەری خۆی، ئامادەیی بەکردەوە بۆ پیلان و نەخشەکانی بۆرژوازی هەبێت...

# کارەباش دەدرێت بە کەرتی تایبەت!



## نووسینی: مستەفا باهیر

زیاتر لە٣٠ ی ساڵە حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هاوکاری و یارمەتی حزبە ئیسلامیەکان، دەسەڵاتدارن لە کوردستان. ساڵ لەدوای ساڵ خزمەتگوزاریەکانی وەک (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، تەندروستی، پەروەردە، ڕێگاوبان ، سوتەمەنی..هتد)، لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. بۆیە ئەمەش دەکەن تاوەکو هەمو سێکتەرە خزمەتگوزاریەکان بکەن بەکەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی خۆیان سودمەند بن لێی.

ئەگەر سەیری پایەختی هەرێمی کوردستان بکەین کە حزبە دەسەڵاتدارەکان شانازی پێوەدەکەن و بەدەستەخوشکی پاریسی دادەنێن. لە وەرزی زستاندا لە یەکەم بارانبارینی بەهۆی خراپی ئاوەڕۆوە ساڵانە لافاو دەبێت و چەندەها کەس دەبن بە قوربانی. لە وەرزی هاوینیشدا کەم ئاوی بوە بەگەورەترین کێشەی خەڵکی هەولێر، بەتایبەتی گەڕەکە هەژار نشینەکان، تاوەکو ئێستا دەسەڵاتداران دەستیان بۆ هیچ چارەسەرێک نەبردوە. بێگومان لە هەوڵی ئەوەدان ئەمیش بدەن بە کەرتی تایبەت، وەک چۆن کاتێک کە ویستیان سێکتەری تەندروستی بدەن بەکەرتی تایبەت، سەرەتا کەوتنە فەرامۆشکردنی خەستەخانە حکومیەکان، تاوەکو خەڵک ناچاربێت بۆئەوەی چارەسەر وەرگرێت ڕوو بکاتە خەستەخانەی کەرتی تایبەت. ئێستا لە کوردستان وای لێهاتوە ئەگەر نەخۆشکەوتیت و پارەت نەبوو دەبێت چاوەڕوانی مەرگ بکەیت. سێکتەری پەروەردەشیان بەهەمان دەرد بردوە، ئێستا قوتابخانە تایبەتەکان لەگەڵ قوتابخانە حکومیەکان جیاوازێکی زۆری هەیە. ئەوەی کەمێک ئیمکاناتی هەبێت منداڵەکانی دەخاتە قوتابخانەی تایبەت. بەردەوام ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە سێکتەری خزمەتگوزاری بەتەواوی فەرمۆشدەکەن بۆئەوەی بدرێن بە کەرتی تایبەت، سودمەندی سەرەکیش لەمە تەنها پارەدارو کۆمپانیا حزبیەکانە.

ماوەی زیاتر لە ٣٠ ی ساڵە ڕۆژانە قسەی لەسەر کارەبا دەکرێت. ساڵانە لەکاتی وەرزەکانی سەرما و گەرمادا، بڕی پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا لەهەرێمی کوردستان بەرەو کەمبوونەوەیەکی بەرچاو دەڕوات و بەتێپەڕبوونی چەندین کابینە و پاش چەندین بەڵێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هێشتا پرۆسەی پێدانی کارەبای نیشتمانی بە هاوڵاتییانی هەرێم ساڵ لەدوای ساڵ کەمتر دەبێت، کابینە لەدوای کابینە بەڵێن دەدەن بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام تاوەکو ئێستا نەک چارەسەرنەکراوە، بەڵکو ساڵ لەدوای ساڵ کارەبای نیشتمانی بەرەو خراپتر دەڕوات.

بەگوێرەی وتەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ، هەرێمی کوردستان پێویستی بە٤٥٠٠ بۆ ٥٠٠٠ هەزار میگاوات کارەبا هەیە، بەڵام لە ئێستادا تەنها ٢٧٠٠ میگاوات بەرهەم دەهێنرێت. کە دەکاتە نیوەی پێویستی بەکارهێنەرانی کارەبا. لەگەڵ دەستبەکاربونی وەزیری کارەبای هەموو کابینە یەک لەدوای یەکەکان، بەڵێن دەدەن بەچارەسەرکردنی ئەم کێشە موزمینە. ئەوەتا وەزیری کارەبای ئەم کابینەیە "کابینەی نۆ " (کەمال محەمەد ساڵح ) جێبەجێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەک بە بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەی بەردەم سێکتەری کارەبا دەزانێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: "گرێبەستی پێوەری زیرەک لە ساڵی ٢٠١٧ واژۆکرا کە لەبەر چەند هۆکارێک راوەستا، بەڵام لە مانگی هەشتی ٢٠١٩ دەستکرا بە جێبەجێکردنەوەی و تا ئێستا لەهەموشارەکانی کوردستان بەشی زۆری پێوەری زیرەک دانراوە، دانانی پێوەری زیرەک سەدا ٨٠ ی کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات، چونکە بە پلەی یەکەم زێدەڕۆیی لەسەر کارەبا ناهێڵێت".

بەڵام ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە پێوەری زیرەک نەک نەبوە هۆی باشترکردنی کارەبا بەڵکو خراپتربوو. بۆ نمونە لە مانگی کانووی دووهەمی ساڵی ٢٠٢٢ لەبەشی زۆری گەڕەکەکانی شاری سلیمانی مولیدە ئەهلیەکان ڕۆژانە زیاتر لە ١١ کاتژمێر کارەبایان داوە، هەموو ڕۆژێکیش سەرلەبەیانیان ٤ کاتژمێر کارەبا نەبووە، زۆریک لە شەوانیش کارەبا نەبوە. هەرچەندە وتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت رۆژانە ١٠ بۆ ١٢ کاتژمێر کارەبای نیشتیمانیمان داوە، بەڵام بە هەمو حسابێک وەزارەتی کارەبا ڕۆژانە لە ٥ بۆ ٦ کاتژمێر زیاتر کارەبای نەداوە لەو ماوەیەشدا چەندینجار دەکوژێتەوە.

بۆیە جەنابی وەزیر کەمال محەمەد ساڵح ئەمجارە بە ڕاشکاوی وتی "چارەسەرکردنی کۆی کێشەکە لەرێگای کەرتی تایبەتەوە دەبێت". لەوبارەیەوە و دەڵێت: "کارەبا چوار سێکتەری سەرەکییە کە بریتیین لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن و کۆنترۆڵکردن، وەکو وەزارەتی کارەبا دەتوانم بڵێم لە سێکتەری بەرهەمهێنان سەدا ٨٥ ی کەرتی تایبەتە، هەروەها وێستگەکانی ماس، کار و قەیوان بڕی پێنج هەزار و ٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، بەڵام سێکتەری دابەشکردن زۆر پێویستە ئەویش بکەین بە کەرتی تایبەت، دوای دانانی پێوەری زیرەک ئەوا دابەشکردنی کارەباش دەبێت بە کەرتی تایبەت و چارەسەرکردنی دروستیش ئەمەیە".

هەربۆیە دەسەڵاتدارن بەرەو جێبەجێکردنی ئەو پیلانە...

بۆ لاپەڕە 14

# عەلی باپیر سوننەت و شەرعی جێبەجێ کردوە...



## نووسینی: ڕۆژ عەزیز

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی وێنەی عەلی باپیرو کچێکی گەنج کە گوایە ٣٥ ساڵ لەخۆی گەورەترە زەواجیان کردوە بەیەکەوەو تۆرە کۆمەڵایەتی و سایت و ڕۆژنامەکانی تەنیوە و لەلایەن ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازەوە نارەزایەتی لێ کەوتۆتەوە. عەلی باپیر ژن هێنانی چوارەمی دژی عورف و عادەتی مەزهەبی کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە، بەڵکو ئەو لەسەر بنەمای سوننەت وشەرع ئەمەی کردوەو مەلا مەزهەریش دەڵێت "عەلی باپیر هەزارو یەک شتی ئیسلامی جێبەجێ کردوە تەنها یەک شت مابوو ئەویش ژنی چوارەمی بوو ئەویشی جێبەجێی کرد.

عەبدولستار مەجیدی کۆمەڵی دادگەریش دەڵێت "کەسوکاری کچەکە ئەو کچەیان پێشکەش بە عەلی باپیر کردوە ئەویش دڵی نەشکاندون ڕازی بووە "نەوەی نوێش پیرۆزبایی لە عەلی باپیر کردوە. نێچیرەڤان بارزانیش پیرۆزبایی لە عەلی باپیر کردوە. بێگومان مەلا مەزهەرێکی کۆنەپەرست و دواکەوتو کە خۆی شەرع جێبەجێ دەکات بێگومان بەکارەکەی عەلی باپیر سەرسامە. عەبدولستاریش لەهەمان قوتابخانەی مەزهەبیە بێگومان هەر ئەوەی لێ چاوەڕوانی دەکرێ کە بۆ پینەکردنی کارەکەی عەلی باپیریش دەڵێت باوکی کچەکەی پێشکەش بە عەلی باپیر کردوە. سەیرە خودی پرۆسەکەی عەلی باپیر بۆ سێکسە کەچی عەبدولستار دەڵێ پێشکەشیان کردوە.

سەیر بکەن ئەمانە بە مەلاو ئیسلامیەوە چۆن رەوایەتی بە چوار ژنە دەدەن؟ نەوەی بەحساب نوێ، بەڵام عەقڵیەتێکی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانەی ئەم نەوەی بەناو نوێیە رەوایەتی بە چوار ژنە دەدات و لەو لاشەوە نێچیرەڤان بارزانی و حکومەتەکەی بەحساب فرەژنیان قەدەغە کردوە کەچی رێگەیان بە عەلی باپیر داوە ژنی چوارەمی بهێنێت و پیرۆزبایشی لێ دەکەن.

ئەمە بێجگە لەم سیاسی و ڕەوتە ئیسلامیانەش، تەنانەت خەڵکی ئاسایی نیمچە موسڵمانیش بەشێکیان دیفاع دەکەن لە چوار ژنیەکەی و بگرە بەشێکیشیان ڕقیان لە کارەکەی دەبێتەوە کە خۆشیان باوەریان بە ئیسلام هەیەو بەتایبەتیش ژنانی نیمچە موسڵمانیش ژن هێنانی چوارەمی عەلی باپیر بەرەوا نازانن و پێیان ناخۆشە ژنی چوارەمی هێناوە. گرفتی ژنی موسڵمان لەوەدایە خۆی ڕازی نییە هاوسەرەکەی ژنێکی دیکە بهێنێت کەچی ڕەوایەتی بە چەند ژنە دەدات.

یان زۆر نیگەرانە ئەگەر هاوسەرەکەی بە سوعبەتەوە بڵێ ژن دەهێنم ئیتر ژنە توڕە دەبێت، کەچی ئیسلامی قبوڵە کە چوار ژنەی بەرەوا زانیوە بۆتە سوننەتی پەیامبەرەکەشیان، تەنانەت بۆ چوار ژنە پینەو پەڕۆیان کردوە کە گوایە دەبێت بەیەکسان سەیری هەمویان بکات، ئەگینا چوار ژنە بەرەوا نازانن. ئاخر تۆ چوار ژنە بەسوننەت بزانیت ڕێچکەت بۆ خۆش کردبێ ئیتر پێوست بەپینەو پەڕۆ ناکات. عەلی باپیر خاتری گرتوین کەلەکۆمەڵگەدا کچێکی ٢٥ساڵانی هێناوە، پێغەمبەری ئیسلام عائیشەی بە شەش ساڵی مارەکردو بە نۆ ساڵی گواستیەوە کە هێشتا عەلی باپیر وەک پەیامبەرەکەی نەکردوە.

دەپرسین ئەگەر هۆکاری ئابوری و مەزهەبی نەبێ کچێکی ٢٥ساڵان زەواج لەگەڵ کەسێک دەکات کە ٣٠ساڵ لەخۆی گەورەتر بێت؟ ئاخر ئەوە دەسەڵات حکومرانییە کە ئینسانەکانی والێ کردوە نەتوانن هاوسەرگیری بکەن بەهۆی نەبوونی وەزعیەتی خراپی ئابوری و نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونەوە کە مرۆڤ ناچار دەبێت بۆ ئەوەی تەمەنی هەڵنەکشێ زەواج بکات بەعەلی باپیرەکان. پرسیار ئەوەیە ئایا عەلی باپیر ژن یەکەم وەک ژنی چوارەم سەیر دەکات؟ ژنی یەکەمی لا جوانترە یان چوارەم؟ بۆ سێکس کردنیش جیاوازی ژنی یەکەم و چوارەم وەک یەکە بۆ عەلی باپیر؟. ئەمانە مەزهەبیان بۆ ئەم خۆشی و لەزەتە دەوێ کە چوار ژنە ڕیز بکەن و کوڕەکەشی لە بەریتانیاوە خۆشحاڵە باوکی ژنی ڕیز کردوە سوننەت و شەرعی ئیسلامی جێبەجێ کردوە.

ئەگەر هەژاری بەدبەختی کۆمەڵگە نەبێ و ژنان وکچان ناچار نەکرێن هەرگیز ئەم بێ ڕێزیە قبوڵ ناکەن کە خودی ژنەکان بەناچاری زەواج دەکەن بەکەسێکی وەک عەلی باپیر کە لەئێستادا دوو ژنی دیکەشی هەیە. خەڵکی ئازادیخوازو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەدژی عەلی باپیر نارەزایتیان دەبڕیوە تا ڕێگری لە چەند ژنە بگیرێت، بەڵام چونکە هێشتا یاسای فرە ژنی بەتەواوەتی کاری پێ ناکرێت و لە چەمچەماڵ زیاتر بڕ ناکات بۆیە خەڵکی دەچێت لەناوەراست و خواروی عێراق هاوسەرگیری دەکات. چونکە کۆمەڵگە یاساو قانونەکەی مەزهەبیەو بەزۆر بەسەر خەڵکدا سەپاوە.


ئەرکی ئازادیخوازن و ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازە ڕێگە نەدەن فرە ژنی درێژەی هەبێت وعەلی باپیرەکان چەند ژنە بهێنێت و دەسەڵاتیش بێدەنگ بێت، لەکاتێکدا لە کوردستان فرە ژنی قەدەغەیە بێ ئەوەی عەلی باپیر هیچ پاساوێکی هەبێ بۆ هێنانی ژنی چوارەمی. دیارە دەسەڵاتی کوردی عەشیرەتی وخێڵەکی نایانەوێ لەئاست ژن هێنانی چوارەمی عەلی باپیر بێنە دەنگ، چونکە سەرۆکی کۆمەڵی دادگەرییە. بەراستی خۆش سەرۆکی دادگەری، ڕیزکردنی چوار ژن کامەیە دادگەری لەکاتێکدا خۆت سەرۆکی حیزبێکی پڕوپاگەندەی دادگەری دەکەیت ...

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## بەڕێز بەهزاد حسێن وەڵام بە پرسی ڕۆژی ژمارە دەداتەوە...



پرسی ڕۆژ/

د. عەزیز گەردی ناوێکی گەشی ناو ئەدەب و وشەو و وەرگێڕانی زمانی کوردی، و خاوەن هەڵوێست و شێوە یاخیبوونێکی تایبەت لە بەرامبەر شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت، بە بەجێهێشتنی گۆشەیەکی پتەوی قایم لە وشەو گەنجینەیەک لە کتێب و لێکۆڵینەوە و باس و هەڵوێستی ناوازەی مرۆڤی باڵا لە هزر و هۆشی مەیدانی خۆی، بەبێ ناز بەفیزیکی جێیهێشتین.

ئێوە یەکێک بوون لەوکەسانەی کە هەڵستان بە کەمپێنێک بۆئەوەی ئەو گەنجینەیە تاهەتایە بمێنێت و ئەو گۆشە قاییمەی کەدروستیکردبوو دیوارەکەی تەواوبکرێت بۆ نەوەی داهاتوو مۆمێکی ڕووناک بێت، پێشنیارتان کرد کتێبخانەو شوێنی نووسین و خوێندنەوە و هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریهێناون پارێزراوبێت و لەمۆزەخانەیەکی شایستە بەئەرک و ماندووبوون و قوربانیدان لەوپێناوە عەزیز گەردی بمێنێتەوە. پێتوایە ئەو پرۆژەیە چەندە پشتیوانی خەڵکی خوێندەوار و دڵسۆز بۆ هزر و هۆشیاری لێدەکەوێتەوە وەک ئەو نیەتەی ئێوە دەچێتە پێشەوە؟


**بەڕێز بەهزاد حسێن لەوەڵامی پرسی ڕۆژدا دەڵێت:**

سڵاوتان لێ بێ.. ئێمە وەک یەکەم گروپ لە کەمپەینێکدا ویستمان هەوڵ و ماندوبونەکانی "عەزیز گەردی" لە چوارچێوەی کتێب و دەستنوسەکانی بپارێزرێ، وەک گرنگترین سامانی فکری و ئەدەبیی کوردی دەستی پێوەبگیرێ و وەک سامانە نەتەوەییەکانی تر بە پشتگوێخستن و قازانجویستی قەڵەمفرۆشانی دەسەڵات نەفەوتێ.

ویستمان پێش ئەوەی دەسەڵات لە ڕێی قەڵەمە کۆیلەکانی خۆی "گەردی" و بەرهەمر و دەستنوسەکانی بخاتە خانە و ڕیزی چڵکاوخۆرە دەربارەکانی ئەو دەسەڵاتە ناشیرینە، ئیستۆپێکی قورسیان پێ بکەین.

ڕێک وەک ئەوەی پێشبینیمان کردبو، دووسێ ڕۆژ دوای کەمپەینەکەی ئێمە بە ناوی (با ماڵەکەی مامۆستا عەزیز گەردی بکرێتە مۆزەخانە)، نوسەرانی بنباڵگری دەسەڵات لە شێوەکانی سەرۆ قادر و ئازا حەسیب و زانا خەلیل و ئەسکەندەر زرار و ...هتد، هاتن هەمان ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکەی ئێمەیان بە شێوەیەکی تر دارشتەوە و لە لەفونەشرێکدا ئەو ڕاگەیاندنەی ئێمەیان ئاڕاستەی "هێژا.. سەرۆکی هەرێم" نێچیرڤان بارزانی کرد، تا بەو پول و پارە زۆرەی هەیەتی، کە هی میللەتە و هی خۆی نییە، مۆزەخانەکە بخاتە سەرپێ.

ئەوان ئیشیان دەربارکاریی قەڵەمرتوشی ماکیاژکاری دەسەڵاتە، لەپێناو نانەچەورە بێزەوەرە مۆرانە لێدراوی شەرماوەری بەرماوەی ئاغاکانیان، بۆیە قەت نەیانزانی و لەو مەبدەئە ناگەن، کە هەموو سامانی کاک "هێژا" لای گەردی و




کەسوکارەکەی ناکاتە نرخی ڕۆمانی وەرگێردراوی "خاکەکە ماچ بکە".

ئێمە کەمپەینمان ئامادەکرد و یەکسەر خانەوادەی گەردی"مان لێ ئاگادار کردەوە، تا هیچ شتێک بێ پرسی ئەوان نەکەین و بێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ شتێک نەچێتە پێش. قەڵەم کۆیلەکانیش بە کەمێک جیاوازیەوە ناوەڕۆکی کەمپەینەکەی ئێمەیان بە شێوەی خۆیان دارشتەوە و بێ ئەوەی هیچ پرسێک بە خانەوادەکەی "گەرد"ی بکەن، داواکەیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد. هێندەی من ئاگادار بم، لای خانەوادەکەی "گەردی" کەمپەینەکەی ئێمە ڕێزی لێگیرا و هی ئەوان بە توندی ڕەتکرایەوە.

ڕاستی ئەوان دۆخێکی دژبەرییان بۆ ئێمە خوڵقاندوە، ئێمەش کە وەک قوتابیان و خوێنەرانی دڵسۆزی "گەردی" و وەک خۆی پشت لە دەسەڵاتین، ئامادەی ئەو بەرەنگاربونەوەین و دڵنیاشین بە پشتیوانی خەڵکانی ناڕازی و ئەدەبدۆستان و خۆشەویستانی "گەردی" بە بردنەوە لەو گەمە پیسەی ئەوان دەردەچین.

ئێمە هێشتا بەو سەدان واژوی پشتیوانانمان نەچوینەتە ناو ئەو گۆڕەپانی دژبەریە، چونکە ڕاست نییە، ئەو خانەوادە پرسەدار و دڵپڕخەمە بە خۆمانەوە خەریک بکەین. لەلایەکی تر ئێمە لە یەکەم ڕاگەیاندنەوە گوتمان ئەمر ڕاگەیاندنەی ئێمە تەنها پێشنیارێکە و دواتر ئەوان چی بڕیار دەدەن، ئێمە وەک ڕێکخەرانی کەمپەینەکە لە خزمەتی ئەوان دەبین، کە دیارە بڕیارەکانی ئەوان هەمان بڕیاری پڕعیززەتی "گەردی"ن. هەروەها ناشمانەوێ بیانخەینە ناو کێشە و هەڵبژاردنی بەرەیەکەوە، کە ئەمە ئیشی ئێستای ئەوان نییە و ئەوان خەمی گەورەتریان هەیە.

تا ئەو جێیەی ئاگادارم، لە ئاستی هەرە سەرەوەی هەردو حیزبی بەڵا شەڕە لەسەر دزینی ڕەمزییەت و ئایکۆنی "گەردی"، هەر یەکەیان بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێ و دەیانەوێ وێنە جوانە گەورەکەی ئەو لە بەرژەوەندیی خۆیان پێچەوانە بکەنەوە، کە ئەوەی یەک ڕۆژ لە "گەردی" نزیک بوبێ، دەزانێ ئەمە گەورەترین ئازادانی ڕۆحی تاهەتایی دوای مردنی ئەو زاتەیە.

کوڕان و برازاکانی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی! ئێوە خۆتان هەر هیچ! نەتانبیسبو ئەو دوو سەرکردەیە بەو هەمو دەسەڵات و جەبەروتەیانەوە، جورئەتی تەکلیفی چاخواردنەوەیەکیشیان لەگەڵ "عەزیز گەردی" نەبو!

ئێوەش قەڵەمر کۆیلەکان لە هەوڵی پێچەوانەکردنەوەی فکر و مەبدەئ و کەسایەتیی "گەردی" دور کەونەوە، با لەوە زیاتر ڕیسوا نەکرێن.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان دەیانەوێ بەلاڕێ یان پەردەپۆشی بکەن ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# باسێکی کورت لەسەر مێژووی بزووتنەوەی چارتیستی بەریتانی

نزیکەی ١٨٦ ساڵ لەمەوپێش و لە حوزەیرانی ١٨٣٦ چارتیزم وەکو بزووتنەوەیەکی ریفۆرمیستی چینی کرێکاری بەریتانی سەریهەڵدا. چالاکترین ماوەی ئەم بزوتنەوەیە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٨٣٨ بۆ ١٨٤٨. ئامانجی چارتییەکان بەدەستهێنانی هەندێ مافی سیاسی بوو. لە ساڵی ١٨٣٢ مافی دەنگدان درا بە چینی ماماناوەندی خاوەن موڵک لە بەریتانیا، بەڵام خەڵکێکی زۆر داوای چاکسازی سیاسی زیاتریان دەکرد. لە ساڵی ١٨٣٨ 'پەیمانی خەڵک' لەلایەن کۆمەڵەی پیاوانی ئیشکەری لەندەن (LWMA)* بە سەرۆکایەتی ولیام لۆڤێت و William Lovett فرانسیس پلەیس Francis Place، بە راوێژ لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵەکە پەسەندکرا.


John Frost

چارتییەکان شەش ئامانجی سەرەکییان هەبوو:

- دەنگدان بۆ هەموو پیاوان (سەروو تەمەنی ٢١ ساڵ).
- دەنگدان بە نهێنی بێت.
- نابێ موڵکداری مەرجی بە ئەندام بوون بێت لە پەرلەمان.
- مووچە بۆ پەرلەمانتاران دابینبکرێت.
- بازنەی هەڵبژاردنەکان قەبارەی یەکسان بن.
- هەڵبژاردنی ساڵانە نەک ٥ ساڵ جارێک بۆ پەرلەمان.

لە حوزەیرانی ١٨٣٩، چارتییەکان داواکارییەکیان پێشکەش بە پەرلەمان کرد و زیاتر لە ١،٢٥٠ ملیۆن ئیمزای لەسەر بوو. داواکەیان لەلایەن پەرلەمانەوە رەتکرایەوە و ئەمە بووە هۆی پشێوی، بەڵام بە خێرایی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە تێکشکێنرا و سەرکوتکرا. لە مانگی ئایاری ١٨٤٢ دووبارە داواکارییەکی تر کە لە لەلایەن زیاتر لە سێ ملیۆن کەسەوە واژۆ کرابوو پێشکەشی پەرلەمان کرا، بەڵام دیسان رەتکرایەوە و بووە هۆی پشێوی و دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەر. لە نیسانی ١٨٤٨ سێهەم و کۆتا داواکاریان پێشکەش کرد.




لەم کاتەدا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە پارکی Kennington Common لە باشووری لەندەن لەلایەن رابەرانی جوڵانەوەی چارتییەوە رێکخرا. کاریگەرترین رابەریان ( Feargus O'Connor) فێرگس ئۆکۆنەر سەرنوسەری هەفتەنامەی The Northern Star 'ستاری' باکوور' بوو. ئەم هەفتەنامەیە گرنگی بە کاروبار و داواکانی چارتییەکان ئەدا.

ئۆکۆنەر ناسراو بوو بەوەی پەیوەندی لەگەڵ گرووپە رادیکاڵەکان هەیە کە داکۆکییان لە چاکسازی ریشەیی، بە هەر رێگایەک بێ، لەوانەش توندوتیژی، دەکرد. دەسەڵاتداران ترسیان لەو گردبونەوەیە هەبوو وەهێزی سەربازییان خستبووە ئامادەباشی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. داواکاری سێیەمیش رەتکرایەوە بەڵام ئاڵۆزی چاوەڕوانکراو رووی نەدا.


هەندێک لە نەیارانی بزووتنەوەکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە چارتییەکان تەنیا خوازیاری گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی پەرلەمان نین، بەڵکو ئەیانوت بەتەمان شۆڕشێک هەڵبگیرسێنن و تیایدا کۆمەڵگە سەرەوخوار بکەنەوە. هەروەها پێیان وابوو چارتییەکان دەیانەوێ شەپۆلێکی ناڕەزایەتی لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا بهەژێنن چونکە ٥٠٠٠ خۆپیشاندەر لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨٣٩ بەرەو شارۆچکەی Newport لە Monmouth shireبەرێکەوتن و هەوڵیان دا کۆنترۆڵی شارۆچکەکە بکەن. ئەم جوڵەیە لەلایەن سێ چارتیستی ناسراو (John Frost, William Jones and Zephaniah Williams)(جۆن فرۆست، ویلیام جۆنس و زیفانیا ویلیامس) رابەری دەکران، لە دەرەوەی هۆتێلی ویستگەیت لەو شوێنەی کە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ژمارەیەک لە خەڵکی نارازیان دەستبەسەرکردبوو، گردبوونەوە. هێزەکانی پاراستنی هۆتێلەکە تەقەیان کرد و بەلایەنی کەمەوە ٢٢ کەسیان کوشت و راپەرینەکە بە شێوەیەکی کتوپڕ تەواوبوو. شاری Preston لە ناوچەی Lancashireشانۆی ناڕەزایەتی و پشێوی بوو لە ساڵی١٨٤٢.

پشتگیری لە چارتیزم لە کاتی خاوبوونەوەی ئابووری و برسێتیدا گەیشتە لوتکە. لە شارۆچکە Stockportنزیک شاری Manchesterبەهۆی بێکاری و برسێتی کرێکاران ناڕەزایەتییان دەردەبڕی. کرێکاران خۆپیشاندانیان دژی کەمکردنی کرێی رۆژانە ئەکرد، دەیانویست "رۆژانەیەکی دادپەروەرانە بۆ کاری رۆژێکی دادپەروەرانە "بچەسپێنن. زنجیرەیەک لە مانگرتن لە لانکشایەر، یۆرکشایەر، میدلاند (باکووری ئینگلتەرە) و هەندێ شاری سکۆتلەندا لە هاوینی١٨٤٢دا روویدا. کرێکاران کارگەکانیان داخست و دژی کەمکردنەوەی کرێی رۆژانەی کرێکاران مانگرتنیان راگەیاند. پشتگیری لە چارتیزمیش لەم کاتەدا زۆر بەهێز بوو. هەرچەندە جوڵانەوەی چارتیستی بە بێ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات کۆتاییهات، بەڵام ترس لە پشێوی مەدەنی مایەوە.

سەرباری هەوڵێکی زۆری سەرکردەی چارتییەکان بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی بزووتنەوەکە، بەڵام بزوتنەوەکە بەرەو خامۆشی رۆیشت و پوکایەوە. هەرچۆنێک بێت، چارتییەکان میراتێکیان بەجێهێشت. لە ساڵانی ١٨٥٠ کاندا ئەندامانی پەرلەمان رازی بوون بەوەی چاکسازی زیاتر پێویستە و چاکسازی زیاتر لە ساڵی ١٨٦٧ و ١٨٨٤ پەسەندکرا. تا ساڵی ١٩١٨، پێنج لە شەش داواکارییەکەی چارتییەکان بەدەستهاتبوون، تەنیا ئەو مەرجەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمان هەموو ساڵێک ئەنجام بدرێت تا ئێستاش جێبەجێ نەکراوە.

## دەرەنجام

رەگوریشەی بزوتنەوەی چارتییەکان لە نێو


William Jones

کرێکاراندا بووە، هەڵقوڵاوی ناڕەزایەتی و ئازاری کرێکاران بووە. رۆژنامەکەیان باسی مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاران دژی کەمکردنی کرێی رۆژانەی کرێکاران و دەرکردن و بێکارکردنی کرێکارانی تیابووە، بەڵام بزوتنەوەکە وەهمی بەشداریکردن و چاکسازی لە شێوازی هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەبووە. هێزی کۆکردۆتەوە بۆ چاکسازی لە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش پەرلەمان. بزوتنەوەیەکی ریفۆرمیست بووە. ئەگەرچی لێرەو لەوێ کرێکاران ویستویانە، پێموایە لەدەرەوەی ویستی رێکخراو، سەربەخۆیانە هەنگاو بنێن، بەڵام سەرکەوتونەبوون، چونکە چینەکە نوێ بووە و ئاسۆی چینەکەش رۆشن نەبووە رابەرانی بزوتنەوەکەش کەسانی ریفۆرمیست بوون.

* کۆمەڵەی پیاوانی ئیشکەری لەندەن (LWMA)رێکخراوێک بوو لە ساڵی ١٨٣٦ دامەزرا. یەکێک بوون لەدامەزرێنەرانی چارتیزم و پەیوەندیان بە سۆسیالیزمی ئۆوین و بزووتنەوەی فێرکردن گشتی هەبوو.

سەرچاوەکان:

1. www.nationalarchives.gov.uk/education/politics
2. www.parliament.uk/about/living-heritage/transformingsociety/electionsvoting/chartists/overview/chartistmovement

**نووسین و ئامادەکردنی:**
**توانا محمد نوری**
**٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٢**



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

پرسی ژن

؟

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# شەق وەشاندنی ناو دادگا، هێندەی تر دەسەڵاتی ڕیسوا کرد!

ڕوداوی ئەمڕۆی ناو دادگای سلێمانی کە ئەفسەر و چەند پۆلیسێکی پارێزەری دەسەڵات و دادگا بە شەق کەوتنە گیانی چەند ژنێک، نارەزایەتی توندی جەماوەری لێکەوتۆتەوە. پاساوی ئەو ئەفسەر و پۆلیسانە هەرچییەک بێت، کە گوایە بە پێی ڕاگەیەندراوی فەرمی دادگا ژنەکان بە جانتا و شتومەکەکانی دەستیان هێرشیان کردۆتە سەر پۆلیسەکان و تەشهیریان پێکردوون، بە هیچ جۆرێک قابیلی قبوڵ نییە. ئەو ڕاگەیاندنەشی لەلایەن نوسینگەی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بڵاوکرایەوە کە ئەفسەرەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکهێنراوە، جگە لەوەی لەژێر فشاری نارەزایەتییەکی فراواندایە دژ بەم کردەوە قێزەونە، هەوڵدانێکە بۆ هێورکردنەوەی توڕەیی خەڵک.

ئێستا ئیتر بۆ ئێمە و خەڵک نە ڕوونکردنەوە و پاساوەکانی دادگای سلێمانی و نە لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی جێگری سەرۆکی حکومەت هیچ بایەخێکی نییە. ئەم ڕووداوەش زۆر بە ڕۆشنی دەریخست کە دادگا جگە لە دەزگایەکی کارتۆنی و بڕیاردەر و جێبەجێکەری هەمان سیاسەت و کارنامەی حکومەت و دەسەڵاتی دژەخەڵک هیچی تر نییە. هەر لە حەرەمی دادگاکانی ئەو دەسەڵاتەدا بووە کە چەندین ژن کوژراون. هەر لە دادگاکانی ئەو دەسەڵاتەوە بووە دۆسیەی چەندین بکوژی ژنان ڕەوانەی کۆڕەکانی سوڵحی عەشایری کراون. هەر لەو دادگایانە و لەبەردەمیاندا سوکایەتی بە ژنان کراوە، پاڵپشتی لە کۆنەپەرستی ئیسلامی و دەم پیسی هەندێک لە مەلا و وتارخوێن کراوە و کاتێکیش ژنان و پیاوانێکی یەکسانیخواز شکاتیان لە دژی ئەوانە گەیاندۆتە ئەو دادگایانە، پۆلیسەکانی هەر ئەو دادگایانە باوەش و ماچ بارانی مەلای جنێوفرۆش و فەتوادەری دژە ژنانیان کردووە. ئەو دادگایە و پۆلیسەکانیان لە بەرەی دژە ژندا ڕاوەستاون. کام دۆسیەی ژنکوژی و ناحەقی و لێدان و سوکایەتی بە ژنان هەیە لەم دادگایانەدا بەو ئەنجامە گەیشتبن کە تاوانباران دادگایی کرابن و سزا درابن؟ کام ژنی لاچاو شینەوەبوو هەیە کە هانای بردبێتە بەردەم دادگاکانی ئەم دەسەڵاتە، دواتر بە دەستی ئومێد لەسەر دڵەوە گەڕابێتەوە لای مناڵەکانی؟

دادگاکانی کوردستان هەرگیز شوێنێک نەبوون بۆ داکۆکی لە ژنان تاکو پۆلیسەکانیشیان وا ڕابهێنن و وانەی ڕێزگرتن لە حورمەت و شکۆی ژنان و ئینسانەکانیان دابدەن. هەر کاتێک دەسەڵات چاوی لە خەڵکی ناڕازی سوور کردبێتەوە، ئەفسەر و پۆلیسەکانی دارعەسایەکی ئامادە بوون بۆ وەشاندن لە گیان و شکۆی ئەو خەڵکە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی. ئەوانە دەزگا و پۆلیسی شەق وەشاندن لە مامۆستایان و خەڵکی ناڕازی و داپڵۆساندن و سەرکوت و بگرە تەقەکردنن لە خۆپیشاندەرانێک کە بۆ نان و کار و ئازادی و یەکسانی هاتوونەتە سەر شەقامەکان. دەزگای پۆلیس و ئەفسەرەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونی دەسەڵاتن، دەسەڵاتێک کە تا سەر مۆخ سەلماندوویەتی چەندە دژە ئازادی و دژە ژن و دژە خەڵکی مەحرومە. جەماوەری تینووی ژیانێکی باشتر و ئاسودەیی و یەکسانی و ئازادیش دەمێکە چەکوشی دەستیان بۆ داکوتینی بزمارەکانی سەر تابوتی ئەم دەسەڵاتە بەرزکردۆتەوە. ئیتر نە لیژنەی لێکۆڵینەوە و نە پاساوهێنانەوەی دادگاکان دادیان نادات، هەڵوێستی خەڵک لە نەفرەت و توڕەیی دەربڕین دەرچووە و لە چاوەڕوانی وەشاندنی گورزی خۆیدایە.
کەسوکاری تاوان لێکراو، تاریقی بەقاڵیش، کە ئەمڕۆ بوونە قوربانی ئەم کارە داپڵۆسێنەر و چەپەڵەی ئەفسەر و پۆلیسەکانی دەسەڵات، بە جیا لە دۆسیەی کوڕەکەیان، پێویستە لەبەرامبەر ئەم کارەدا بێن و ببنە بەشێک لەو گورزوەشاندنەی خەڵک.

**گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز**

**١٣ ی حوزەیرانی ٢٠٢٢**

grupiyaksanixwaz@gmail.com

# ”ئافرەت و کار“

## عبدولکەریم بەرزنجی

گومانی تێدا نییە کە ئافرەت داینەمۆی کۆمەڵە و دەوری گرنگ دەبینێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، لە سەرەتاکانی مێژووەوە ئافرەت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەشداریکردنی ئافرەت لە بوارەکانی کاردا بە گوێرەی پێویستی سەردەم وبارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەکەی بووە، وەک بەشداریکردنی ئافرەت لە جەنگدا بە هەڵگرتنی چەک یان تیمارکردنی بریندارەکانی جەنگ و هاندانی جەنگاوەران لە کاتی کوشتاردا.

ئافرەت سەرچاوەی گەشەکردن و نەشونماکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە لە جێی خۆیدایە کە وەک ئەندامێکی سوودبەخش و تاکێکی کۆمەڵگە داوای مافی خۆی بکات .

کاتێک کە ئافرەت دێتە مەیدانی کارەوە، و دەیەوێت بەوپەڕی متمانە و دڵسۆزیەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگە وهاوولاتیانی خۆی بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت .

بەڵام پێکهاتە وسروشتی لەشولاری ئافرەت وەکو[مێ] بەرپرسایەتیەکی ئەوتۆی خستۆتە ئەستۆی خودی ئافرەت، کە لە ئەستۆی پیاودا نییە .

هەموو ئەمانە وای لە ئافرەت کردوە کە لە بەردەم ماندوبوونی فیکری و جەستەییدا بێت و زۆرجاریش ماڵ ومنداڵەکانی بکەونەبەر هەڕەشەی داڕوخان و پەرتە بوون .

ڕەنگە هەندێک ئافرەتان لە خۆیان بپرسن و بڵێن:– ئێمە دەمانەوێ بچینە نێو بازاڕی کارەوە وجۆرێک بەرپرسێتی ئەرکەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ بگرین، بەڵام کە نەرێت لە ئاستماندا ڕێگربێت ئیدی بۆچی کاربکەین ..؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە..! بەرپرسییەک کە قورس بێتەسەرشان و مرۆڤ بخاتە ترس ودڵەڕاوکێوە و بۆچوونی وابێت، کە ڕەنگە نەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، بێگومان ئەو هەستە دژوارە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاریگەریەکی ئەوتۆ دەکاتە سەر ژن کە بەردەوامبێت لە بەرەنگاربوونەوە وهەوڵ وکۆششدا.

بۆگەیشتن بە چارەسەر و گونجاندن لە نێوان کاری نێوماڵ و کاری دەرەوەدا، ڕەنگە تاڕادەیەک هەندێک لە ئافرەتان نەتوانن زاڵبن بەسەر گرفتەکاندا، بەڵام مانای ئەوەنییە کە ئافرەتان هیوابڕاوبن لە گونجاندنی نێوان بەرپرسێتی کاری نێوماڵ و بەرپرسێتی ئەواندا وەک کارمەند .

زاڵبوونی ئافرەتی کارا بەسەر گرفتەکاندا، قوربانی زۆری دەوێت لە کات و دابڕان لە هەندێک پەیوەندی نێو کۆمەڵگە و ماندوبوون وشەکەتی جەستە و کەم وچانی لەو پێناوەدا .

چەندە پلەی بەرپرسێتی ئافرەت لە نێو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا بەرزبێتەوە یان پلەی زانستی بگاتە هەرڕادەیەک..! ناتوانێت لە سروشتی خۆی و دەوری خۆی وەک[ مێینە ] لابدات، چونکە غەریزەی ئافرەت وەکو ڕەگەز بەو ڕێچکەیەدا دەیبات کە بۆی خولقاوە .

ئەو بە دوای دڵنیایی وهاوسەر وباوکی جگەرگۆشەدا دەگەڕێت و ئاسوودە نابێ تاوەکو ڕۆڵی سروشتی خۆی وەکو{مێ} نەبینێت، ئەودەمە لە پاڵ ئەو بەرپرسیارێتیەیدا تێدەکۆشێت، بۆ دەرچوون لە سنووری ماڵەوە و پەیوەستبوونی بەکاری دەرەکیەوە.

لە پێناو گونجاندنی ئەو دوو کارەیشدا ئافرەتان تووشی ماندوبوونی دەروونی و جەستەیی زۆردەبن.

ڕەنگە بۆ هەندێک لە ئافرەتان بلوێ کە دایکیان یان ئافرەتێکی خزمی نزیکی لە نێوخێزانەکەیاندا بژین وهاوکاری ڕێکخستنی کاری نێوماڵ وکاری دەرەوەیان بۆ بکەن و چاودێری منداڵەکانیان بکەن، بەڵام زۆربەی ئافرەتان ئەو بوارەیان بۆ نارەخسێت و ناچار دەبن دایان بۆ کۆرپەکانیان بەکرێ بگرن، یانیش بە خزم ودراوسێیان بسپێرن .

زۆریشن ئەو ئافرەتانەی کارمەندن و منداڵەکانیان بێ سەرپەرشت لە نێوماڵدا بەجێ دێڵن. بەو ڕەفتارەیش منداڵان تووشی مەترسی زۆر دەبنەوە.

ئەوەی باسمانکرد ، شێوازی ژیانی ئافرەتانی کارمەند بوو لە کوردستاندا.

هۆی بەرجەستەبوونی ئەو گرفتانەی دێنە ڕێگەی ئافرەتانی کارمەند لە کوردستاندا زۆرن و زۆربەیشیان نادیارن . بەڵام باری ژیانی ئافرەتی کارمەندی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی جیهاندا زۆر جیاوازترە، بۆ نموونە لە وڵاتی دانیمارک دا...لە هەموو شار و شارۆچکە و تەنانەت لە زۆربەی گوندە گەورەکانیشدا، دایەنگە بۆ منداڵان هەمووارکراوە، دایکان وباوکان منداڵەکانیان دەسپێرنە ئەو شوێنانە بەرامبەر بە گوژمەیەک پارەی دیاریکراو .

بۆیە دەبینین زۆربەی ئافرەتانی کورد لە هەندەراندا بازوی کاریان لێهەڵماڵیوە و شانبەشانی پیاوان لە فەرمانگەو دامەزراوە و کارخانەکاندا، لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا بێ وچان کاردەکەن .

بێگومان ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە مەیدانی کاردا هێمایە بۆ زاڵبوونی ژنی کورد بەسەر ئەو گرفتانەدا کە پێشتر بەربەستبوون لە ڕێگەیدا .

دەبێ نکۆڵی لەوە نەکرێت کە زۆربەی ئاسانکارییەکان لە ڕووی ئافرەتاندا بۆ چوونەنێو بازاڕی کارەوە..! یاسا هەمواری کردووە.

بە ئومێدی پراکتیزەکردنی بازاڕی کار لە کوردستاندا لە شێوەی وڵاتانی پێشکەوتوی ئەم سەردەمە و دەرکەوتنی ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە بواری کاردا.

دروودی هەمیشەییمان دەگەیێنینە ئافرەتی کارمەندی کورد لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا.

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



# لەپیریمدا وەریم

ئەوەی پێمووتیت وانەبوو

کەی من وتم کەباران باری

دەرگای حەوشەکەت داخەو مەچۆرە

بەر پەنجەرەکەت

کەی من وتم ئاو لەبێژنگبەو

لەگەڵ خۆتا قسەبکە

ئەوەی وتم وانەبوو

ماوەیەکە هیچ بایەکم بۆ ناخوێنرێتەوەو

ناتوانم بۆنی عەترەکەت بناسمەوە

کەی من وتم بەتەنیا و لەگەڵ خۆتا قاوەبخۆرەوەو

زەمی هاوڕێکانت بکە

ئەوەی پێم وتیت وانەبوو

بۆلەخۆتەوە ئەچیتە بەرباران و

قسەی سارد و سوك بەهەورەکان ئەڵێیت

کەی من وتم شەوێك تابەیانی

دەبێت قورئانێگ خەتمکەیت و

تەوراتێك وەرگێڕیتە سەر زمانی کوردی

ئەو تەوراتەی تائێستاش بۆنی شمشێر لەسەر خوێنەکەی دەگری

نا من نەمووتووە

شەوانە لەبەردەگای مەیخانەکاندا

گوڵەبەڕۆژە بفرۆشەو چاو لەپیاوە سەرخۆشەکان داگرە

کەی من وتم

لەپیریدا هەموو شتێك وەك گەڵای پایز دەوەرێت و با دەیبا

نا بۆم ناوترێت وەك جاران گۆرانی بەباڵای

باراندا ناڵێم

چەندجار ئەدرێسەکەم گۆڕی و

پۆستچیەکانیشم لەخۆم عاجزکرد

کەی من وتومە لەمەولا نامەی کاڵ وکرچم

بۆمەنێرەو ئەوەندە مەنوسە

دەنگت هەراسانی کردوم

ڕەنگت شێتم دەکات

نا گیانەکەم من نەمووتووە

ئەگەر هەناسەکەوتە خوارەوە ئیتر با دەیبا

تۆخۆت تەماشای ئەو قەترە خوێنانە بکە

کەلەدڵم دەکەوێتە خوارەوەو

دەبن بەهەڵم بەسەر شووشەی پەنجەرەی ژووری نوستنەکەی تۆوە

کێ بۆی گێڕایتەوە کەمن لەژێر قەترە حەزینەکانی باراندا باسم لەکوشتنی

کەروێشکێك کردووە کاتێك گوێی لەهێنانەوەی میلی تفەنگێکە بۆکوشتنی

بەچکەکانی

وەرەو تەماشاکە بزانە دڵم چەندە خراپ لێدەدات لەم وەرزی بێرەحمیەدا

وەرزێك هەموومانی کردۆتە نیشانەی

تلۆربونەوە بەناو دەروازەکانی تەنیایدا

بڕواتبێ لای هیچ کەسێك باسی مردنی خۆمم نەکردووەو نەشمووتووە

مانگێك لەمەوبەر لەسەفەری مردن

گەراومەتەوە

ئەزانم شتێك ڕودەدات

شتێك زنجیری جانتاکەم دەترازێنێت

.............

**میرزا**

**٥/٦/٢٠٢٢**

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتیدا.خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە.



# گۆشەی ئەدەب و هونەر



## پێداریيە یاخود ئینزار ج ئەشقە

### شرۆڤە: جمال نوری

ئەو دەمەی شاعیر زۆر نزیکتر لە سروشتێکی پەتی و لەناو ناخی خۆیدا دەژی و موخاتەبەی نەستی دەکات، لەبەر ئەوەیە کاریگەریێتی ئەو دنیا تایبەتەی خۆیی لەسەرە کەلەڕێگای ئەشقەوە پێی گەیشتوەو لەنێو ئەقڵی باتنیدا جێگیر بووە. سروەی بەیان دێت لەڕێگای چنینی وشەو خەیاڵ و فەنتازیای شیعرەوە وێنەی ئەو دۆخەمان بەچاوی خەیاڵ بۆ دەگرێ وێناکردنێ زۆر بەدیقەتەوە حسابی بۆ ئەشقە جاویدانیەی خۆی کردوە و زۆر بەجوانی ئەشقەکەی کێشاوە...

**ئێستا درەنگانی شەوە،**

**دڵم بەدیار**

**ورشەیەکی هەستت بێدارە،**

**ڕۆحم لە خەڵوەتی عیشق**

**هەڵکورماوە بێچارە**

**ئااااااااااااااااخ**

**دەمویست ئەمشەو لەگەڵ تۆدا**

**گەردانەیەک لەوشەی جوان**

**بەدەزوی هەناسە بهۆنمەوە**

سروە هاتوە بەو درەنگانی شەوە ئشقەکەی خستۆتە ژێر (ئینزاری ج ) ەوە، هەڵبەتە کاتێک لە بواری سەربازی دا کە دەڵێن ئینزار جیمە، ئیدی دەبێ تەواجدت هەبێ و ئێشکگر بی تا ئەو کاتەی ئینززارەکە لادەبرێ، ئەشقەکەی سروەی بەیانیش بەو نیوەشەوە لەچاوەڕوانی و دۆخی ئێشکگرتنی خۆی دایە، و هەڵکورماوە، بەڵام بەشێوەیەک هەڵکورماوە کە بێچارەیە، وەک بڵێی لابردنی ئینزاری ئێشکگرتنەکەی لەدەستی خۆی دا نەبێ و مولزەم کرابێ پێوەی، لەلایەن ئەو دڵەی کە مەدلولی ئیشقە بۆ مەئشوقەکەی، واتە مانەوەی بەو نیوەی شەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی موقەدەسە، کەتیایدا گەر هەستێت پێی ئەوا بەدڵنیایەوە دەبێتە مایەی شانازیکردنی بەو ئەرکە پیرۆزەوە ،، بابزانین ئەو کارە پیرۆزەی شاعیر وەها لێ دەکات خەونی بتۆرێنێ و هەر لەبێداری دا بیهێڵتەوە، ئەویش دروستکردنی گەردانەیەکە بۆ مەئشوقەکەی کە دەیەوێ بەدەزووی هەناسەی بیهۆنێتەوە دواتر مەئشوقەکەی لەملی بکات ..

کاتێک شاعیر وەک مرۆڤێک تێکەڵ بە سروشت دەبێ و لەگەڵ ژینگەی ئەو شوێنەدا تەماس دەگرێ، دوای زەمەنێک ڕاگوزەر بەناو ئەو دۆخە سروشتیەی خوێدا کە پێوەی دەژی، بۆمانەوەی بوونی خۆی وەک کەرەستەیەکی نۆستالۆژی یان بوون بە بەشێک لەوکەرەستە ئەپستمۆلۆژیە. شاعیر دەیەوێ لەوە بگات، داخۆ ئەبێ چ یاسایەک هەبێ کە ئاشق لەژیانی تەرە بکات..؟

**عاشق لە ژوان تەرە دەکا!**

**ڕێگری لە ئەوین دەکا!**

**دە پێم بڵێ،**

**ڕوو لە کێ کەم،**

**کێ گوێی لە ئاهو ناڵەم بێ**

**ڕوو لە کوێ کەم**

**بۆ داڵدەدان**

**حەشارگەم بێ**

**دووربێ لە چاوی ناحەزان.!**


دواجار شاعیر لەخۆی دەپرسێ و دەڵێ کێ گوێی لە ئاە و ناڵەمە ... دواتر دەیەوێ بڵێ ڕوو لەکوێ بکەم... بۆ مانەوەی ئەشقە ڕۆحیەکەت تەنها و تەنها لەنێو عەقڵی باتندا دڵێکی مەئشوقی تیا شاراوەتەوە کە هەمیشە هەست بە بوونی لێدانی دڵی بکات.

وەک حەزرەتی نالی دەفەرموێ:

**ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز**

# هۆنراوەی چنار عەلی



1

**بریا بەهاتن و نەهاتنت**

**تۆزی خەیاڵت ڕادەماڵی و**

**تاسەی دووری و نەبوونی چەن وەختەت**

**لە بار دەبرد**

**خونچەی نەپشکوی ناو دڵمت**

**گوڵ پێدەگرت.**

2

**بریا هەموو ئەوانەی تۆ دەبینن.**

**من بومایە و**

**هەموو ئەوانەی لە دووری منن،**

**ئامێزی تۆ بوایە.**

3

**تۆ دەزانی؟**

**نە شەوم ئارام دەبێ و**

**نە بە ئاگر گەرمم دەبێ**

**نە هەنگوین تێرم دەکات**

**گەر خۆشەویستی تۆم نەبێ**

**عەشقت لە ڕۆحما گڵپەی دێ و**

**دڵیش لە دووریتا دەلەرزێ.**

4

**ئازیزەکەی دوور وڵاتم وەرە با**

**لەنێو دووچاوی تێرکزیتدا**

**هەناسەیەکی ئارام بدەم.**

5

**عەیامێکە...**

**زوڵەیخا ئاسا**

**بە چەشنی باران ئەرژێ لە چاوانم**

**ئەشکی خوێنی**

**بۆ دووری و نبوونی یوسفەکەم.**

**عەیامێکە...**

**زوڵەیخا ئاسا بۆ**

**بیستنی هەواڵێکی عەزیزی دڵم**

**لە چاوەڕوانیدا سەرگەردانم.**

7

**چۆن ئەستێرە هەردەم لە هاتنی شەودایە.**

**منیش ئەوها لە چاوەڕوانی تۆدام**

**بەڵام ئاخ تۆش لە بیری ڕۆشتندای...**

8

**ئەمشەو لەگەڵ ئەم کزە بایەدا**

**لەگەڵ ئەم هەور و بارانەدا**

**وەرە**

**بێن و بەرامەی ئەوینت**

**بپرژێنە**

**بە سەر ئاسمانی شاردا**

**تا خونچەی ڕۆحم**

**گوڵی ئەرخەوانی عەشقت بگرێ و**

**چاوی سیس بووی چاوەڕوانیم**

**فرمێسکی شادی وجودت برژێ.**

**هۆنراوە: چنار عەلی**

**وەرگێڕانی: زانا کوردستانی**



# لاقەکردنی ئەقڵ..(سایکۆلۆجیەتی زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەو لەناوبردنی ئەقڵ و شۆردنەوەی مێشك)

## نووسینی: شەماڵ بارەوانی

(سایکۆلۆجیەتی زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەو لەناوبردنی ئەقڵ و شۆردنەوەی مێشک)

ناونیشانی کتێبێکی قەبارە مەزنی زیاد لە چوارسەت لاپەڕەیی نووسەر و دەروونناس و هۆڵەندی بەڕەگەز ئەمریکی (د.جۆست ئیبراهام ماوریتز میرلۆ)یە.

نوسەر تێیدا لەبارەی کومەڵێک بابەت دەدوێت، لەوانە: جەنگی سارد لەدژی ئەقڵ، تەکنیکەکانی خستنە ژێرکۆنترۆڵی مرۆڤایەتی، ترس وەکو ئامرازی تیرۆر، دادگا بەرامبەر دادگا، ئەقڵ باوکی مرۆڤە، تەکنەلۆجیا شەڕی ئەقڵمان دەکات، ڕاهێنان لە دژی ئەشکەنجەدانی ئەقڵ، قوتابیەکانی بافلۆف و ..تاد.

لاقەکردنی عەقڵ/

پێمان دەڵێت لەوانەیە زۆرێک لە مرۆڤەکان تائێستا واحاڵی بوو بن، کە بە تەنها لاقەکردنی فیزیکی و جەستەیی هەیە، نەخێر بەڵکو جۆرێکیتر لە لاقەکردن هەیە، لاقەکردنێک، کە هیچی کەمتر نییە لە لاقەکردنی بەدەنی و جەستەیی، ئەویش لاقەکردنی ئەقڵە.

لاقەکردنێک بە شێواز و ڕێگەی زۆر و جۆر بەجۆر دەکرێت،

جارێ وایە ئەو لاقەکردنە لەسەر ئاستی تاکە، جاریش هەیە کۆیە و لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دەستەجەمعی و بە کۆمەڵ ئەقڵی خەڵکێکی زۆر و بێ شومار لاقە دەکرێت.

جاریش هەیە لاقەکردنی ئەقڵی کومەڵ، لە ڕێگەی مەزهەبێک، یان، ئاراستە و ئایدیۆلۆژیایەک، یان، واعیزێک و پیاوێکی ئایینی، یان، سیاسی و سەرکردەیەک، یان جادوگەرێک، درۆزنێک، سەلەفیزم و فێندەمێنتالیستێک، ڕاگەیاندنێک.. تاد. دەبێت، لە مێژە گوتراوە: ڕاگەیاندنێکی بێ ویژدانم بەرێ، تا گەلێکی ناهۆشیارت وێ بدەم، ئەقڵی هەزاران کەست بۆ لاقەکەم، نموونە هەشتا ملیۆن ئەڵمانی لەلایان هیتلەر و چەند نازیزمێکەوە، ئەقڵیان لاقەکراو ئەو بڕوایەیان لا دروستکرا، کە ڕەگەزی ئاری باشترین و باڵاترین ڕەگەزەو ئەڵمانیا مافی سەرپەرشتیکردن و لێخوڕینی هەموو جیهانی هەیە و هیتلەر سەرکردەیەکی باڵاو پیرۆزە، بەڵێ گۆبلزی وەزیری ڕاگەیاندنی نازیزم، فۆهرەر و هیتلەر و کۆمەڵێک ژەنەراڵ و گەورە بەرپرسی سەربازی و سیاسی نازیزم، لە ڕێگەی ڕۆژنامەو ڕادیۆوە، لە ڕێگەی پڕوپاگەندەو درۆوە، وشە ئاگرین و حەماسیەکانی خۆیان بەگوێی گەلی ئەڵمان دەچرپاند و لەو ڕێگەیەوە، توانییان ئەقڵی ملیۆنان ئاڵمانی لاقە بکەن.

سەدام و عەفلەق و ئەسەدی بەعسیزم و کێو کێی تری شۆڤێنیزم، هەمان شێوە لە ڕێگەی ئیدەلۆژیای بەعسیزمەوە، مێشکی ملیۆنان عەرەب و مرۆڤی عیراقییان هاککرد و فیکرێکی ڕەگەزپەرستانە و نامرۆڤانە و بەربەریانەیان دەرخواردان و لەو ڕێگەیەوە، ئەقڵ و هۆشیان لێ لاقەکردن، لە مرۆڤبوونیان خستن و ویژدانیان لێسەندنەوە و کەسایەتی و بوونیان وێرانکردن.


هەروەها دەیان و سەدان و هەزاران کەس، لەلایان بەغدادی و بن لادن و کۆمەڵێک توندئاژۆ و تیرۆرستی ترەوە، لە ڕێگەی فیکرێکی ئوسولیگەراو تاریکپەرست و مەزهەبێکی کۆنەپەرست و هۆڤانەوە، بوون بە هەڵگری فیکری بناژوخوازی و ئەقڵیان لاقەکراو بوون بە تیرۆرست.

لاقەکردنی ئەقڵ، پێمان دەڵێت لاقەکردنی ئەقڵ جۆری زۆرە، کەسێک بانگەشەی هەموو شت زانی و ئەویتر بە هیچ نەزانی دەکات، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک بە کۆمەڵێک گوتار و وەعزی خوڕافی و عاتیفی و سۆزداری دەیەوێت کاریگەری لەسەر ئەقڵ و هۆشی ئەوانیتر دروست بکات، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک بە ڕێگەی مەزهەبێک، یان، بیروباوەڕ و ئیدەلۆژیایەکەوە، ئەقڵی مرۆڤگەلێک لە قاڵب دەدات و سنووری تێڕوانینیان تەسک و جیهان بینییان داخراو دەکات، ئەوەیش لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک دنیایەک تابۆ و سنوور و بۆقەو بوت، بە پاساوی بێ مانا و لەژێر ناوی جیاجیادا، لە بەردەم بیری ئازاد و ئازادی بیکردنەوەدا قوتدەکاتەوە، ئەوە لاقەکردتی ئەقڵە.




کەسێک بە بیانووی پووچ و ناڕەوا، مافی تێهزرین و تێڕامان و بیرکردنەوە لەوانیتر حەڕام دەکات، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک ئەقڵانیەت بەهەرتەقە و، لۆژیک بە زەندەقە دادەنێت، ئەوەش لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ لەوانیتر دادەخات، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک ڕەخنە قبوڵ ناکات و لە پرسیار دەترسێت و لە ئەقڵانیەت ڕادەکات، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک بانگەشەی یەقین دەکات و حەقیقەت بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە و تووشی نەخۆشی ڕەهاگەرایی بووە و فۆبیای لە بەرامبەر گووماندا هەیە، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک دەرگای توێژینەوە و ئیجتیهاد دادەخات، ڕێگری لە خوێندنەوەی تازەو نوێی تێکستە ئایینیەکان و تەفسیری جیاوازدەکات و کوشتەی دەستی شلۆڤە و تێگەیشتنێکی مێژوویانە و دۆگماییانە و سیاسیانە و مەزهەبیانەو حەرفیانە و چەقبەستووانە و ڕووکەشگەرایانەی ئایینە، ئەوەش هەر لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک لە زۆنگاوی سەلەفیگەرێتیدا گیری خواردووە و هەموو نوێگەرێیەک ڕەتدەکاتەوە، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

کەسێک تووشی وەهمی بەپیرۆزکردنی مێژوو و چەقبەستن لەناو کۆمەڵێک دۆگم و تێگەیشتنی کۆنی ماوە بەسەرچووی بەر لەهەزار ساڵ بووە، ئەوە لاقەکردنی ئەقڵە.

نەخوێندنەوەی ئەویتر و بەکەم سەیرکردنی ئەویتر و گوێ نەگرتن لە بۆچوونی ئەویتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

قۆرخکردنی حەقیقەتەکان و بە تاپۆکردن و مۆنۆپۆڵکردنی مێژوو و بەکافرکردن و گومڕاکردن و بە دۆزەخکردنی هەموو ئەوانیتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

ترساندنی مرۆڤ و دژایەتیکردنی ئەقڵانیەت و ڕاکردن لە ئەقڵ و ترسان لە ئەقڵی ئازاد، لاقەکردنی ئەقڵە.

سەپاندنی عەقیدەیەکی دیاریکراو، ئایینێکی دیاریکراو مەزهەبێکی دیاریکراو، لاقەکردنی ئەقڵە.

باوەڕنەبوون بە لێبوردەیی و فرەیی و پێکەوەژیان و قبوڵ نەکردنی جیاوازییەکان و ڕێزنەگرتن لەوانیتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

تۆتالیتاریەت و خۆسەپاندن و بۆچوون و ئایین و مەزهەب سەپاندن بەسەر ئەوانیتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

بیری فێندەمێنتالیزمی و ڕادیکاڵێتی و توندئاژۆیی، لاقەکردنی ئەقڵە.

بە کۆیلەکردن و بە کەنیزەکردن و بچووکردنەوە و کۆپیکردن و بە سێبەرکردنی ئەوانیتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

سنووردانان و هێڵ کێشان، لە بەردەم ئازادی و خواست و حەزی ئەوانیتر، لاقەکردنی ئەقڵە.

لەناوبردنی جیاوازییەکان و تیرۆرکردنی پێکەوە ژیان و سڕینەوەی ڕەنگەکانی تر، لاقەکردنی ئەقڵە.

بیرنەکردنەوە و شوێن کەوتنی کوێرانە و نەفامانە، دیسان لاقەکردنی ئەقڵە....

**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک....**

# خەسرەو سایە: ئەحزابی دەسەڵاتدار، باسی "مەترسیەکانی سەر هەرێم" یان کردۆتە چەکێك بۆ سەرکوت و چەواشەکردنی ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و دورکەوتنەوەیان لەخواست و نارەزایەتیەکانیان...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان تادێت بەرەو خراپی دەچێت، لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد، ئاماژە بەزیادبوونی مەترسییەکانی سەر هەرێم دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی و تا چەندە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم هەیە؟**

**خەسرەو سایە:** بەدەر لەپڕوپاگەندەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار، بەوەی کە باسی "مەترسیەکانی سەر هەرێم" یان کردۆتە چەکێک بۆ سەرکوت و چەواشەکردنی ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و دورکەوتنەوەیان لەخواست و نارەزایەتیەکانیان و هێشتنەوەیان لەژێر سایەی ئەو دەسەڵات و سیستەمە گەندەڵ و دژی خەڵکیەی کە پارتی و یەکیەتی لەسەر سەری ڕاوەستاون، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کەمەبەست لەقەوارەی هەرێم چیەو ئەو مەترسیانە کامانەن کەلەسەر ئەم قەوارەیە دروستبوون؟

بەلای منەوە مەبەست لە"قەوارەی هەرێم" هەر ئەو دەسەڵات و سیستەمەیە، کەحزابە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، بەخۆ گرێدانەوەیان بەسیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکاو ڕێگاچارەی ئەمریکایی بۆ مەسەلەی کورد، بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و فیدڕالیزمەکردنی عێراقدا، هاتەکایەوە و دواتر ناویان نا "ئەزمون و دەستکەوتی خەڵکی کوردستان". ڕێگاچارەیەکی ئەمریکایی کەناسونالیزمی کوردی بەدەسەڵات گەیاند و کردیە شەریک لەپێکهاتنی حکومەتی تازەی عێراقداو سنورەکانی داهاتو دەسەڵاتەکانی لەچوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا بۆ دیاریکرا ولەسایەیدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە ئیمتیازات و ئیختیاراتەکانی خۆیەوە هاتەکایەوە و بەم جۆرەش ناویان نا "قەوارەی هەرێم". کەدیارە هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی هێزهاوسەنگی نیوان ڕەوتە قەومی و مەزهەبیە شیعی و سونیەکان و هێزی میلیشیایاندا و لەسایەی وجودی ئەمریکا لەعیراق وداگیرکاریەکەیدا، ڕێگەی پێدرا. ئێستا بەدوای نزیک بەدوو دەیە، ئەم دۆخە گۆرانکاری بەسەردا هاتوەو ئەو هاوکێشەیەی کە لەڕابردوودا "قەوارەی هەرێم"ی دروستکرد وەک خۆی نەماوەتەوەو گۆرانکاری بەسەردا هاتووە. بەتایبەتی بەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش و ئەو پاشەکشەو ناکامیانەی کەئەمریکا لە عێراق وسوریاو ئەفغانستان ڕووبەڕوی بوەوە، هاوکات ململانێی دەوڵەتانی ناوچەکەو ڕۆڵی ئێران لەعیراقدا وپاشان ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر وکۆنترۆلکردنەوەی شاری کەرکوک و ئەو ناوچانەی لەدەستی هێزەکانی یەکیەتی و پارتیدا بوون، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هێز هاوسەنگی نیوان ئەحزابی بۆرژوازی کوردو ڕەوتە بۆرژوازیەکانی لەعێراقدا گۆڕی و لاسەنگییەکی بەزیانی "قەوارەی هەرێم" و دەسەڵات لەکوردستان هێنایە کایەوە. فشارەکانی دەوڵەتی عێراق لەسەر هەرێم و کێشە لەسەر مەسەلەکانی وەک داهات وخاڵە سنوریەکان، فرۆکەخانەو گومرگەکان، مەسەلەی نەوت و غاز و پەیوەندیە دەرەکیەکانی هەرێم، هێزی چەکداری حزبەکان.. ئەمانە نیشانەی ئەوەن کەهاوکێشە پێشوی نیوان ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردو ڕەوتە شیعی و سونیەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لەو ڕیز بەستنەی جارانیدا نەماوەتەوە کەلەسەردەمی نوسینەوەی دەستوری عێراقدا لەئارادابوو، وە تارادەیەکی زۆر ئیختیارات وئیمتیازاتی بەناسیونالیزمی کورد بەناوی "دەولەتی فیدڕاڵ"ەوە بەخشی... ئێستا ئیتر دەورەکە گۆڕدراوەو ئەوە حکومەتی عیراقە کەهەوڵ دەدات پەڕوباڵی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد و ئەزمونەکەی بکاو ئەو دەسەلات و ئیمتیازاتانەی کەلەسایەی بالادەستی ئەمریکادا پێی درابوو وەربگرێتەوە. ئەمە گۆشەیەکی سەرەکی ئەو بابەتەیە کە دەڵین "مەترسی لەسەر هەرێمە".

> **بەلای منەوە مەبەست لە"قەوارەی هەرێم" هەر ئەو دەسەڵات و سیستەمەیە، کەحزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، بەخۆ گرێدانەوەیان بەسیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکاو ڕێگاچارەی ئەمریکایی بۆ مەسەلەی کورد، بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و فیدڕالیزمەکردنی عێراقدا، هاتەکایەوە و دواتر ناویان نا "ئەزمون و دەستکەوتی خەڵکی کوردستان"...**

لایەنێکی تری مەترسیەکانی سەر هەرێم هەڵدەگەڕیتەوە سەر ئەو مونافەسەیەی کە تورکیاو ئێران لەئاست ناوچەکەدا بۆ بەرینکردنەوەی ناوچەکانی نفوزی خۆیان گرتویانەتەبەر. ئەویش بەوەی کەتورکیا بەردەوام لەشکرکێشی دەکا و لەهەوڵی ڕاکێشانی سوپادایە بۆ نیو خاکی هەرێم و ئێرانیش بەموشەکباران وناردنی درۆنەکانی مەترسیەکی جدیان لەسەر "قەوارەی هەرێم" داناوە کەمەعلوم نییە بەچ ئاستێکی سەربازی و جەنگ دەگات.

خاڵێکی تر کەپێویستە لەم پەیوەندەدا باسی لیوەبکرێ، ئەو مێژوە ٣٠ سالەیە کەئەم "ئەزمون و سیستەمە" تێی پەڕاندووە و ئێستا گیرۆدەیە بەقەیرانێکی خنکێنەری سیاسی و ئابوری وناتوانێ کۆمەلگە بەڕێوەبەرێ و وەڵامیک بەکێشەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بداتەوە. قەیرانێک کە جولانەوەی نارەزایەتی بەخواستی وەلانانی ئەم دەسەلاتەوە هەررۆژە یەخەی دەسەڵات دەگرێ... هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کەکوردستان لەبەردەم ئاڵوگۆردایەو "قەوارەی هەرێم" یش ناتوانێ وەک جاران بمێنێتەوە.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوەوە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم یانی چی؟ ئایا مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هەیە یان لەسەر خەڵکی کوردستان؟**

**خەسرەو سایە:** بەبڕوای من لەڕوانگەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانەوە واتای "مەترسیەکانی سەرهەرێم" هەرئەو مەترسیەیە کەلەلایەن جولانەوەی نارەزایەتی خەڵکەوە کەوتۆتە سەر دەسەڵات و ئەو ئەزمونەی کەبۆرژوازی کورد ٣٠ ساڵە دای مەزراندووە. بەم مانایەش مەترسیەکی واقعی ئەگەر هەبێت لەسەر"قەوارەی هەرێم" ئەوە نییە ئەم "ئەزمونە" لەق دەبێ وەیا دەسەڵاتەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کەم دەبێتەوەو وپێگەی جارانی لە چوارچیوەی فیدرالیزمێکدا کەپێشوتر بویەتی نامێنێتەوە، بەڵکو مەترسیەکە ترسی دەسەلاتە لە ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری کەسەراپای ئەوسیستەمەی بۆرژوازی کورد دای مەزراندووە و خەڵکی کوردستانی گیرۆدەی دەیان گرفت و نەهامەتی کردووە، کەوتۆتە بەردەم مەترسیەوە. بەتایبەتی کەبزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی گەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی، لەدژی هەژاری و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، لەدژی ئەو گێژاوەی ژیانی ئەوانی تێدا ڕاگیراوە، کەوتۆتە بەرامبەر دەسەلاتەوەو بەکردەوە خواستی وەلانانی هەیە. ئەمە ئەو مەترسیەیە کە هەمو حزبەکانی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی لێی دەترسن. بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە گرنگ نییە و هیچ مەترسیەکی تیدا نابینن کەدەسەلاتەکانی پارتیو یەکیەتی کەم ببێتەوە و قەوارەکەشیان لاواز ببێت. بگرە بەقازانجی خۆیانی دەزانن کەتواناو هێزیان کەم ببێتەوەو لەگەڵ زەبوونیدا بەرەوڕووبنەوە.

**بۆپێشەوە: سەرانی بۆرژوازی کورد و نوێنەری ڕیکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان هۆکاری هەڕەشەکانی سەر دۆخی هەرێم دەگێڕنەوە بۆ ناتەبایی نێوان هیزە بۆرژوازیەکانی کورد، نەبوونی یەک ئیدارەیی و یەک هێزی پێشمەرگەی هاوبەش، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵین چی؟**

**خەسرەو سایە:** ئەم قسانە کاتێک لەزمانی سەرانی حزبە ناسیونالیستەکانەوە دێتە دەرەوە، جگە لە پروپاگەندەی سواو و بێناوەرۆک بۆ پەردە پۆشکردنی کارنامەی پڕتاوانکاری وگەندەڵیان لەبەرچاوی خەڵک شتێکی تر بەیان ناکات، بەتایبەتی کە هیچ کات حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی تەبانەبوون و دوو ئیدارەیش واقعیەتێکی بەردەوامی دەسەڵاتەکەیان بووە و هیچکاتێکیش هێزی چەکداریان یەکگرتوو نەبووە. بەڵام ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە لەفەزای ئێستای کوردستاندا، بەڵگەیەکە بۆ ئەو فەشەل و بن بەستەی کەدەسەلاتداریێتی بۆرژوازی کورد تێی کەوتووە، بەڵگەیەک بۆ قەیرانێکی سیاسی و ئابووری کەتوانای لەم حزبانە بڕیوە لەبەڕێوەبردنی کۆمەلگەو چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکان، بەڵگەیە بۆ نەتوانینی دەسەلات لەوەلام دانەوە بەخواست و داوای خەلکی نارازی کە هەر ڕۆژە بۆ نان و کارو مەعیشەت یەخەی دەگرێت. هەر ئەمەش کێشەی نێوان حزبەکانی لەکوردستان تونترکردۆتەوەو قڵشتی نیوانیانی بەرینتر کردۆتەوە. بەڵام کاتێک باسی ناتەبایی ودوو ئیدارەیی لەزمانی نوینەری نەتەوەیەکگرتوەکان دێتەدەرەوە، واتای ئەوەی هەیە کەئەو سیستەم و دەسەڵاتەی لەدەست ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالسیتی کوردایە، کەوتۆتە بەردەم مەترسی تیاچوونەوە و گەرەکیەتی بەئاگایان بهێنێتەوە لەم مەترسیە. ئەگینا نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان باش دەزانیت کە "هۆکاری هەرەشەکانی سەر "دۆخی هەرێم" ئەم جۆرە لەپڕوپاگەندە کردن نییە، بەڵکو ئەو قەیران و بنبەستەیە کە دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی کورد تێی کەوتووەو ئەگەری ڕاپەرینی جەماوەری کردۆتە فاکتۆرێک بۆ ئاڵوگۆڕ لەدۆخی ئێستای کوردستاندا.

**بۆپێشەوە: ئایا هەرەشەی سەر هەرێم، پەیوەندی بە چونەسەری ململانێی نێوان بەغداو هەرێمەوە هەیە، یان هۆکاری تری فراوانتری جیهانی و ناوچەیی لەپشتەوەیە؟**

**خەسرەو سایە:** بێگومان دۆخی کوردستان هەمیشە بەدەر نەبووە لەکاریگەرییە جیهانی و ناوچەییەکان، مەعلومیش نییە بۆمباباران و هێرشە سەربازیەکانی ئێران و تورکیا لەجەرگەی مونافەسەی بەدەستهێنانی ناوچەی نفوزیان لەعیراق و ناوچەکەدا، کەی بەداگیرکاریەکی سەراپاگیری سەربازی دەگاو "قەوارەی هەرێم" لەبەین دەبات. بەلام تا ئەو جێگەیەی بەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەگەڕێتەوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کەئەو هاوکێشە سیاسییە و ئەو هێز هاوسەنگیەی کەلەنیوان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو ڕەوتە قەومی و شیعی و سونییەکاندا، بەدوای ڕوخانی سەدامدا شکڵی گرت و "قەوارەی هەرێم"ی لەسایەدا دامەزرا، گۆرانکاری بەسەردا هاتووە. لەئێستا کوردستان لەحالەتی چاوەڕوانیدا ڕاوەستاوە، لەلایەکەوە بەدیار ئاکامەکانی جەنگی هێزە ئیمپریالیستیەکان لەئۆکرانیاو دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزیان وچۆنیەتی سازدانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆزینەوەی ڕیگاچارە بۆ ئەوقەیرانە سیاسی و حکومەتیەی کەلەئارادایە. لەلایەکی ترەوە، بەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی پەرلەمانی عێراقدا، مەسەلەی سازدانەوەی حکومەت لەعێراقدا و لەسایەی کێشەو

> **بەبڕوای من لەڕوانگەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانەوە واتای "مەترسیەکانی سەرهەرێم" هەرئەو مەترسیەیە کەلەلایەن جولانەوەی نارەزایەتی خەڵکەوە کەوتۆتە سەر دەسەڵات و ئەو ئەزمونەی کەبۆرژوازی کورد ٣٠ ساڵە دایمەزراندووە...**

ململانێکانی نێوان ئەمریکاو ئێراندا، ئەم مەسەلەیەی لەبێ ئاسۆییەکی موتلەقدا ڕاگرتوە، بەتایبەتیش کۆتاییهاتنی پرۆژەی "حکومەتی بەشبەشێنە" ودابەشکردنی جومگەکانی داهاتو دەسەڵات بەسەر قەوم وتایفەو ڕەوتە ئاینیەکاندا، لەژێر ناوی "دیموکراسی عیراقیدا" کۆتایی پێهاتوەو ئەو خولیایەی خستۆتە بەردەم ڕەوتە بۆرژوا، قەومی وئاینیەکان، کەدەسەڵات لەعێراقدا مەرکەزی بکەنەوەو ئەو ئیختیارات وئیمتیازاتانەی کەپێشوتر درابوو بەئەحزابی ناسیونالیستی کورد وەربگرنەوە. لەوەها دۆخێکدا بەدڵنیایەوە پێگەی ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی چۆتەژێر پرسیارەوە و پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداش، بەزەرەری ناسیونالیزمی کورد ودەسەلاتەکەی ڕوی لەتەسلیم بوون بەبڕیارەکەنی حکومەتی عێراق ودادگای فیدرال کردووە.

**بۆپێشەوە: لە ئێستادا پرسی نەوت و غاز وەکو کێشەی نێوان هەرێم بەغدا، دەرهاویشتەی چییە؟ تاچەندە لاتان وایە دەستی بۆرژوازی کورد لە دۆسیەی نەوت و غاز دووردەخەنەوە؟ ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی دەبێت؟**

**خەسرەو سایە:** هەروەک باسمکرد هاوکێشەکان بەزەرەری ناسیونالیزم و پێگەی دەسەلاتەکەی گۆڕدراوەو ئەوە حکومەتی عێراقە کەهەوڵ دەدات باڵادەستی خۆی بەسەر هەرێمدا درێژ بکاتەوە، لەمەشدا هەرجارە لەسەر بابەتێک فشارەکانی توونددەکاتەوەو پەیوەندیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دەباتە نێو ململانێیەکی سیاسی، ئابوری وقانونیەوە. نمونەش بۆئەمە داوای حکومەتی عێراقی لەڕادەستکردنی فرۆکەخانەو داهاتی ناوخۆ وخاڵە کۆمرگیەکان، پەیوەندییە بازرگانیەکان، بڕینی بەشی هەرێم لەبودجەی عێراق و دەرمان وخزمەتگوزاریەکانیتر، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ و کێشەی نەوت و غازیش یەکێکە لەم بابەتانە. پارتی بەدوای ئەوەدا کەلەگەڵ سەدرو حەلبوسی کەوتە هاوپەیمانێتیەوە، پێی وابوو کە دەتوانێ لەڕیگای شەریک بوونەوە لەگەڵ کوتلە پەرلەمانیە گەورەکاندا، ئەم فشارانە ڕادەگرێ ولەوانەش کێشەی نەوت و گاز چارەسەر دەکات، بەڵام ئێستا ڕۆشنبۆتەوە کەهەموو باڵەکانی بۆرژوازی لەعێراق سەرەڕای ناکۆکیەکانی نێوانیان، هاوران لەسەر لێسەندنەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە هەریم لەدەرهێنانی نەوت و گازدا هەیبوو.. دیارە ئەگەر حکومەتی عێراق بەوە بگات کەمەسەلەی فرۆشی نەوت و گاز لەدەست یەکیەتی و پارتی دەربهێنێ، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، تا ئەوجێگایە دەبات کە بەغدا چۆن لەگەڵ هەر پارێزگایەکی تری عێراقدا مامەڵە دەکات لەگەڵ هەرێمیشدا هەر ئەمە داسەپێنێت. ئەمەش لەدوا ئەنجامدا بۆرژوازی کوردو حزبەکانی دەخاتە تەنگانەیەکی سەختەوە وپێگەی ڕابردوو ئێستای خۆیان لەدەست دەدەن.

**بۆپێشەوە: چارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان لە ململانێکانی نیوان دەسەڵاتی بۆژوازی عیراق و کوردستاندا، چی بەسەر دێت و چ کاریگەریەکی دەبێت؟**

**خەسرەوسایە:** یەکێک لەو فاکتۆرو گرفتانەی کەخەڵکی کوردستانی لەم گێژاو نەهامەتیەی ئێستادا ڕاگرتووە، هەڵدەگەڕیتەوە سەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم وبەغدا و ئەو ململانێیانەی کەلەنیوان ئەم دوو دەسەڵاتەو حزبە پێکهێنەرەکانیدایە، کەوایە تا دۆخی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان لەسایەی ئەم پەیوەندییە لەق و ناڕۆشنەدا بمێنیتەوە، زەرەرمەندی یەکەم دەبن. جگ لە خراپی باری ئابوری و دارایی خەڵک لەوانە، کێشەی نەبونی موچەو خزمەتگوزارییەکان و نەناردنی بەشە خوراک و بەنزین و دەرمان و... فشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەدوای خۆیدا ئەو نائارامی وگێژاوەی کەخەڵکی کوردستان ژیانی تیدا بەسەر دەبەن، بەرینترو فراوانتر دەبێتەوە، کەمەعلوم نییە چ بەڵاو موسیبەتێکی تری بەدواوە دەبێت. وەک بەرئەنجامێکیش لەکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، دەسەڵات لەکوردستان لە ڕەوتی سازش وتەسلیم بوونی هەنگاو بەهەنگاوەکانیدا، ئەگەر مل بەبڕیارەکانی حکومەتی عیراق نەدا، ئەوا ئەو گەمارۆ ئابوری و بازرگانیەی کەحکومەتی عێراق لەسەر کوردستان دایناوە، تائەو ئاستە بەرین دەبێتەوە، کەهەژاری و برسێتی وگرانی.. مانەوەی فیزیکی خەڵک بخاتە ژێر مەترسیەکی گەورەوە. لەڕوی سیاسیشەوە فشارەکانی دەولەتی عیراق لەگەڵ ئەوەدا کەنائارامی و پشێوی زیاتری بەدواوە دەبێت، هاوکات ئەو گێژاوەی کەکۆمەڵگەی کوردستانی تیا ڕاگیراوە قوڵتر و فراوانتر دەبێتەوە و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان زیاتر دەبێ و مەعلومیش نییە لە توندبونەوەی کێشمەکێشەکانی نیوان هەرێم و بەغدادا، چ بەڵایەک دەخولقێ.... هەموو ئەمانە دۆخیکی سەختی ڕووبەڕوی خەلکی کوردستان و خەباتەکەیان لەدژی دەسەڵات دەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی کە ئەم دۆخە بەکوێ دەگات، ئەگەر بەکورتی و بەگشتی بڵێم کوردستان لەبەردەم دوو ئەگەردایە: یەکەمیان ئەوەیەکە ڕیگاچارەی ئەمریکایی لەسازدانەوەی دەولەت لەعێراقدا، بەجۆرێک بچێتە پێشەوە کەهەم جێگاو ڕێگای ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەی پێناسەبکرێتەوە وهەم بەغداو هەولێر رازی بکا و بەتەوافقێک بگەن. کەدیارە ئەم سینایۆیە لە وجودی ئێران لەعێراقدا، پڕۆسەکەی ئاڵوزکردووە، لەلایەکی تریشەوە خودی مەوقعیەتی ئەمریکا لەعیراقدا روو لەداشکان وبێ ئاسۆییە لەوەی کە چ سیستەمێکی ئەمنی وئابوری وحکومەتی لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا جێ دەخات، ئایا دۆخەکە بەتورکیا، ئیران، دەولەتانی کەنداو سعودیە و جیهانی عەرەبی دەسپێرێ یان نا.. تەنانەت ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی شیعە خۆیان و ناکۆکی ئەمانیش لەگەڵ سوننەو ڕەوتە قەومیەکاندا، بەڕێکەوتنێک دەگات یان نا.. ئەمانە هیچی ڕۆشن نییە و هەربۆیە کوردستانی لەحالەتی چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە و ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەدات بەڕەوتە بۆرژوا قەومی و تیرەگەریەکانی عیراق وهێزی میلیشیایان تا فشارەکانیان لەسەر هەرێم توندبکەنەوە. لەئەگەرێکی ئاواشدا، بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردستان تا ساڵانێکی زۆر لەم گێژاو ونەهامەتیەی تێیکەوتون بەتەحەمولکردنی دەردەسەری زیاترەوە دەمێننەوە. ئەگەری دووەم ئەوەیە کە خەلکی ناڕازی کوردستان کە بۆ خواستی کارو بژێوی وئازادی یەخەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیان گرتووە، لەجولانەوەیەکی چینایەتی سەربەخۆ و شۆڕشگێرانەدا شکڵ بگرێ و سەرتاپای ئەو دەسەلات و سیستەمە هەڵگێڕێتەوە کە ئەحزابی ناسیونالسیتی کورد دایان مەزراندووە. جوڵانەوەیەکی چینایەتی وشۆڕشگێرانەی وا کەلەهەناوی خۆیدا دەسەڵاتداریێتی جەماوەری ڕێکخراو لەشوراکاندا سەردەربهێنێ و کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا لەلایەن نوینەرانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە بەئەنجامێک بگەیەنێت و بڕیارێکی دروستی لێ بدەن کە لەقازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتێکێش چ لەکوردستان و چ لەعیراق بەسەرەنجام بگەیەنێت.

**بۆپێشەوە: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە کوێی کێشەی نێوان هەرێم و بەغداد ڕادەوەستێ و چ ڕێگاچارەیەکتان هەیە بۆ ئەو دۆخەی کەکۆمەڵگەی کوردستانی تێکەوتووە؟**

**خەسرەو سایە:** حزبی کۆمۆنسیتی کرێکاریی کوردستان نەک هەر لەهیچ لایەکی کێشەی نیوان هەرێم و بەغدا راناوەستێ، بەڵکو بۆ ئێمە کێشەی نێوان ئەم دوولایەنە، کێشەی دوو باڵ و دوو دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازیەو لەناوەڕۆکیشدا، لەدژی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشەو بۆ دابەشکردنەوەی داهات و دەسەڵات و شێوازی شەراکەتیانە لەدزین و بەتاڵانبردنی داهاتی کۆمەلگەو ڕەنج و زەحمەتی ئەوان. تەنانەت کێشەی نیوان هەریم وبەغدا بەهەربارێکدا بشکێتەوە، نەک هەر دەستکەوتی بۆ خەڵکی کوردستان نییە تەنانەت هیچ ئاستێک لەپێشڕەوی کۆمەلایەتی بەدوادا نایەت. ئێمە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نە بەئەزمونی خۆمان و نەبەدەستکەوتی خەلکی کوردستانی دەزانین، هەربۆیە لە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدادا بۆ ئێمە ئەوە گرنگ نییە کە "قەوارەی هەرێم" ودەسەڵاتەکانی لاواز دەبێتەوە، بەڵکو ئەوەی کەبۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە کێشمەکێشی نیوان هەرێم و بەغدا، چ کاریگەریەکەی خراپ بەسەر ژیان و گوزەران وخەباتی خەڵکی ناڕازیدا چ کوردستان و چ لەعێراقدا بەجێ دەهێڵێت. بۆ ئێمە هاوخەباتی و هاوچارەنوسی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشی عێراق وکوردستان و خەباتیان بۆ وەلانانی هەردووک ئەو دەسەڵاتەی لەسەرکارە گرنگەو ئێمە خۆمان بەبەشێک لەم خەباتەو لەم بەرەیە دەزانین. لەم چوارچێوەیەشدا حزبی کۆمۆنسیتی کرێکاری کوردستان بەتەواوی توانایەوە لەدژی هەرجۆرە دەستدرێژیەکی حکومەتی عیراق بۆ سەر ژیان وکوزەرانی خەڵکی کوردستان رادەوەستێ، لەوانە دانانی گەمارۆی ئابوری وبازرگانی، لەشکرکێشی بۆسەر کوردستان.. بەتوندی ڕادەوەستینەوەو هەوڵدەدەین خەڵکی کوردستان لەیەک بزوتنەوەی چینایەتی و سەربەخۆی سیاسیدا، بەرامبەر ئەم جۆرە دەستدرێژیانەی حکومەتی عێراق بێنە مەیدانەوە.

تائەوجێگەیەی بەڕێگاچارەی ئێمە دەگەڕیتەوە، سەرەتا دەبێ تەئکید لەو خاڵە بکەم کەدەرچون لەدۆخی ئێستای کوردستان و بەدەستهێنانی هەرجۆرە باشبونێک لەژیانی خەڵکی کوردستاندا، تەنانەت دەربازکردنی کوردستان لەوگێژاوەدا کە بەهۆی لکانەوەی کوردستان بەناوی فیدڕالیزمەوە، بەعێراقەوە تێی کەوتوە، لەگرەوی خەباتە بۆ وەلانانی دەسەلاتی ئێستای بۆرژوازی کوردو حزبەکانی، خەباتێک کەفەزایەکی شۆڕشگێرانە بکاتەوە کەخەڵکی کوردستان ئازادانە بتوانن هەم بڕیار لەسەر سیستەمێکی سیاسی و ئابوری بەقازانجی باشکردنی ژیانیان بدەن و هەم پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەغدا یەکلابکەنەوە. بەتایبەتی لەدۆخی ئێستادا کە نارەزایەتیەکی جەماوەری بەدژی دەسەلات لەئارادایە. بەکورتی ئەگەر بڵێم ئێمە پیمان وایە کەڕێگای دەرچون لەدۆخی ئێستا وهەرجۆرە پێشڕەویەکی کۆمەلایەتی بەقازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، بە رابەری و سەرخستنی جولانەوە نارەزایەتیەکانی ئێستای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشانەوە، بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستاوە بەندە و لەجەرگەی هەر ئەم خەباتەشدا دەتوانرێ دەرگا بەڕووی بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستاندا بکرێتەوە، کەبڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن بەوەی کەدەوڵەتی سەربەخۆ پێکدەهێنن یان بەمافی هاوڵاتی یەکسانەوە لەگەڵ حکومەت عێراقدا دەمێننەوە.

**هاوکێشەکان بەزەرەری ناسیونالیزم و پێگەی دەسەلاتەکەی گۆڕدراوەو ئەوە حکومەتی عێراقە کەهەوڵ دەدات باڵادەستی خۆی بەسەر هەرێمدا درێژ بکاتەوە، لەمەشدا هەرجارە لەسەر بابەتێك فشارەکانی توونددەکاتەوەو پەیوەندیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دەباتە نێو ململانێیەکی سیاسی، ئابوری وقانونیەوە. نمونەش بۆ ئەمە داوای حکومەتی عێراقی لەڕادەستکردنی فرۆکەخانەو داهاتی ناوخۆ وخاڵە کۆمرگیەکان، پەیوەندییە بازرگانیەکان، بڕینی بەشی هەرێم لەبودجەی عێراق و دەرمان وخزمەتگوزاریەکانیتر...**

**دەرچون لەدۆخی ئێستای کوردستان و بەدەستهێنانی هەرجۆرە باشبونێك لەژیانی خەڵکی کوردستاندا، تەنانەت دەربازکردنی کوردستان لەوگێژاوەدا کە بەهۆی لکانەوەی کوردستان بەناوی فیدڕالیزمەوە، بەعێراقەوە تێی کەوتوە، لەگرەوی خەباتە بۆ وەلانانی دەسەلاتی ئێستای بۆرژوازی کوردو حزبەکانی. خەباتێك کەفەزایەکی شۆڕشگێرانە بکاتەوە کەخەڵکی کوردستان ئازادانە بتوانن هەم بڕیار لەسەر سیستەمێکی سیاسی و ئابوری بەقازانجی باشکردنی ژیانیان بدەن و هەم پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەغدا یەکلابکەنەوە...**



# شوان سدیق: ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامگەراو و سەرمایەداری نزیك دەسەڵات، وەڵامی داخوازییەکانی خەڵکیان پێ نادرێتەوە..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ شوان سدیق ڕۆژنامەنووس و خوێندکاری بەشی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ئیتاڵیا... سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی....

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی بۆسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبێ، هۆکاری سەرەکی زۆر بوونی ئەم هەڕەشانە بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**شوان سدیق:** گوشارەکانی دەسەڵاتی عێراقی پەیوەندی بەوەیە ئێستە ئەو وڵاتە بەرەو بەهێزبوون دەڕوات، عێراقی پێنج ساڵ پێش ئێستە نییە، ئەگەر پێشتر عێراق هەنگاوی دژی هەرێم نەناوە پەیوەندی بەوەیە ئەو وڵاتە زۆر لاوازبوو.

> **گوشارەکانی دەسەڵاتی عێراقی پەیوەندی بەوەیە ئێستە ئەو وڵاتە بەرەو بەهێزبوون دەڕوات، عێراقی پێنج ساڵ پێش ئێستە نییە، ئەگەر پێشتر عێراق هەنگاوی دژی هەرێم نەناوە پەیوەندی بەوەیە ئەو وڵاتە زۆر لاوازبوو ...**

دیارە بەهێزبوونی عێراقیش لەسەر بنەمایەی بەهێزبوونێکی شیعەگەرایە، وڵاتەکە ئێستە بەتەواوی ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن، ڕاستە سوونەو کوردیش بەشدارن، بەڵام بەشداری نوێنەرانی ئەم دوو نەتەوەیە، نوێنەرایەتیەکی کارتۆنین و ئامادەبوونیان لە دەسەڵاتی عێراقدا بۆ بڕێک پارەو دەستکەوتی شەخسی و حزبی چەند کەسێکە ئەگینا نەتەوەکانیشیان هیچ سوودیان لەم نوێنەرایەتیانە وەرنەگرتووە.

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم زیاتری کردووە، هەروەها ئێران ناوە ناوە لەڕێگای موشەک هاویشتنەوە بۆ هەولێر و دەوروبەری گوشارەکانی زۆرتر بووە، هۆکاری زیادبوون و فراوانبوونی گوشارەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر هەرێم چییە؟**

**شوان سدیق:** فشارەکان بەشێکی پەیوەندی بەناکۆکی ناوچەیەوە هەیە هەر وڵات و دەیەوێ شوێن پێی خۆی قایم بکات، هەرێمی کوردستانیش لەو نێوەندەدا دابەشبووە بەسەر دوو ئاراستەو دوو زۆن زۆنی شیعی کەئێران ڕابەرایەتی دەکات و یەنک وماڵی تالەبانی لەگەڵ ئەوانن، هەروەها زۆنی سوونە کە بریتیە لە تورکیاو چەند وڵاتێکی خەلیج ئەم زۆنە فراوانترە و هاوپەیمانیان لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیلیش هەیە.

دیارە پدک و بنەماڵەی بارزانی هاوپەیمانی بەرەی سوونەن و نزیکترن لە تورکیاو وڵاتانی شیعە. هەربۆیە ناکۆکیەکانی هیلالی شیعی و سوونی لە عێراق بەئاشکرا دیارە.

کورد لەم نێوەندەدا یاریکەرێکی زیرەک نییە نزیکایەتیشیان لەگەڵ هەردوو بەرەی شیعی سوونی لەبەرژەوەندی دوو بنەماڵەیە ئەگینا دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ خەڵکی کوردستان نەبووە. ئەوەتا دەیبینین بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تورکی و نەیاری هەردوولا هەرێمی کوردستانیان کردۆتە گۆڕەپانی جەنگ.

**بۆپێشەوە: زۆر بوونی مەترسیەکان بۆسەر هەرێم، ڕووی لە دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازیەکانی کوردە، یان ڕووی لە خەڵکی کوردستانە؟**

**شوان سدیق:** هەرێمی کوردستان پاش سی ساڵ، یەک حکوومەتی نییە، هێشتا زۆنی سەوز و زەرد ئامادەییان هەیە ئەو حکوومەتەی ئێستە تەنیا بۆ دابەشکردنی سامانی گشتیە بەسەر خۆیانداو بۆ خوڵ لەچاوکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

هەر بۆخۆی دەسەڵاتی پدک و یەنکن مەترسین بۆسەر ژیان و پاراستنی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەوان بوونە هۆی لە دەستدانی دەرفەتە باشەکان، بێگومان مەترسی دەرەکیش بەپلەی یەکەم مەترسی دەبێ سەر خەڵکی، چونکە بەرپرسان و کاربەدەستانی پدک و یەنک بەئاسانی توانای هەڵهاتنیان هەیە.

ئێوە سەرنج بدەن ئەو حوکمە دیکتاتۆر و فاشیلانەی ڕووخاون، وەکو تونس، لیبیاو هتد چونکە پێشتر ئیدارەیەکی عادیل نەبووە پاش ڕۆیشتنی دیکتاتۆرەکان ئاژاوەو نائارامیان لەپاش خۆیان جێهێشتووە بەئاسانی وڵاتەکان ئاسایی نابنەوە، کەوایە دیکتاتۆر و دەسەڵاتی فاشیل کۆمەڵگەکەیش

> **لە کوردستان شتێك نیە بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئەوانەی ئێستە لە پەرلەمانن ئۆپۆزیسیۆن نین و تاقیکراونەتەوە ئەوان هیچیان بەدیلی دەسەڵات نین، دەسەڵات خۆی هاوشێوەی ڕێکخراو و سەندیکاو مێدیا دێت، ئۆپۆزیسیۆنی سەرمایەداری دروست دەکات بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی...**

لەگەڵ خۆی دەبات، ئەوەتا سەیری عێراقی ئێستە بکەن پاش ٢٠٠٣ هێشتا بەکەڵکی ژیان نایەت وڵاتێکە وێرانە لە ئاستی سیاسی، پەروەردەو تەندروستی و هتد..

**بۆپێشەوە: لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە لێدوانی بەرپرسانی هەرێم، هۆکاری هەڕەشەکان بۆ سەر هەرێم دەگێڕنەوە بۆ ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبە کوردیەکان بەگشتی و دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە....تاد، لەبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**شوان سدیق:** خۆیان و نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیش دەزانن، کە شتێک نییە بەناوی یەک ئیدارەو یەک حکوومەت ئەوەی هەیە لە ئەساسدا دوو زۆنی و دوو ناوچەییە.

ئەم بێ حکوومەتی و نەبوونی یەک ئیدارەییە قبووڵ دەکرێ تا ئەوکاتەی هەلومەرجێکی نوێ ڕوو لە عبراق و ناوچەکەیش دەکات، بەدڵنیاییەوە ئەو بارودۆخە تاسەر ئەوها نابێ.

سی ساڵ، بەبێ حکوومەت، بەبێ دەستوور و بەبێ هێزی نیشتمانی و ئیدارەیەکی مەدەنی ئەمە لەچی ناوچەیەکدا هەیەو هەبووە، تەنانەت بۆ قوتابخانە زانستە سیاسیەکانیش شتێکی نوێیە چارەکە سەدەیەک میلەتێک دەرفەتی زێڕینیان هەبێ بۆ بنیاتنانەوەی وڵات و کۆمەڵگەیەکی باش کەچی دوو حزبی سیاسی فەشەل بێنن، وەک ئەوەی ئەمڕۆکە هەیە. بەڵام پاشەکشەیشی لێ ناکەن بەردەوامن لە هەڵەکانیان.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا لە ئێستادا بە لەدەستدەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لەدەست دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد چڕ بۆتەوە... ئەم گوشارانە سیاسین یان یاسایی و دەستوری؟**

**شوان سدیق:** هەموومان دەزانین لە عێراق شتێک نییە بەناوی گوشاری یاسایی و دەستووری.

ڕاستە دەستوور یاسا هەیە، بەڵام کاری پێناکرێ هەر لایەن و گرووپێکی دەستڕۆیشتوو بۆی بچێتە سەر یاساکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن.

ئێستە دادگای فیدراڵی لە گۆڕێیە شیعە نەیارەکانی پدک وەکو تۆڵەکردنەوەیەک لە تێکدانی ماڵی شیعە لەلایەن پدکەوە دادگا دەجولێنن، ئەگەر دادگا هەبوایە و بێلایەنی کاری بکردبایە بارودۆخ و گوزەرانی هاوڵاتیانی عێراقی لەو ئاستە خراپەی ئێستەدا دەبوون.

ئەمە پرسیارێکی جدیە بێگومان دادگاکان بەکار دەهێنرێن لەلایەن گروپ و ڕەوتە دەست ڕۆیشتووەکانەوە، بەهەمان شێوەی هەرێمی کوردستان، سەیری بارودۆخی یاساو دادگاکانی هەرێم بکەن وێرانە بووە بەگاڵتەجار و دەستکەلای دوو حزب لە هەولێر و سلێمانی..

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی ئەم کێشمەکێشانەی نێوان هەرێم و بەغدا چۆن دەبین و لێکەوتەکانی لەسەر خەڵکی کوردستان چییە؟**

**شوان سدیق:** ئێستە لێکەوتەکانی دەرکەوتووە، عێراق فشار لە هەرێم دەکات دەیەوێ بازاڕ و گەشەی ئابووری شکست پێ بهێنێ ئەمەیش وایکردوە، خەڵکی کوردستان باجی ململانێی دەسەڵاتدارانی هەولێر و بەغدا بدەن. گرفتەکە ئەوەیە دەسەڵاتدارانی هەرێم ئیدارەی ناوچەکەیان پێ ناکرێ و فەشەلیان هێناوەو وازیش ناهێنن...ئەگەر ئەوان بیانتوانیبایە ئیدارەیەکی باشی هەرێمە بدەن، بە داهاتی نەوت و ناوخۆ دەیانتوانی ژیانی خەڵکی باشتر بکەن، بەڵام هەردوو حزب بەهۆی گەندەڵی و دزینی سامانی گشتی لە نێوان خۆیاندا خەڵکیان تووشی نەهامەتی و سەرگەردانی کردوە، ڕێژەی بێکاری و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و هەڵهاتنی گەنجان لەوڵاتەکە زیادیکردوە.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوەوە زامنی ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چۆن بەدی دێت؟**

**شوان سدیق:** ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە خەڵک هەست بە بەرپرسیاری بکات، هەڵەکانیان دووبارە نەکەنەوە، خەڵک دەبێ یەکگرتووبن و بەرەیەکی هاوبەش و بەجیاواز لەو بەرانەی ئێستەکە هەیە پێکبهێنن.

چونکە لە کوردستان شتێک نیە بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ئەوانەی ئێستە لە پەرلەمانن ئۆپۆزیسیۆن نین و تاقیکراونەتەوە ئەوان هیچیان بەدیلی دەسەڵات نین، دەسەڵات خۆی هاوشێوەی ڕێکخراو و سەندیکاو مێدیا دێت، ئۆپۆزیسیۆنی سەرمایەداری دروست دەکات بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی.

بۆیە پێویستە خەڵک بەم هەوڵانە هەڵنەخەڵەتێن کەسانێک خۆیان تێوەگلاون لە بردنی پارەی خەڵکی و قەرزاری خەڵکن، کەچی خۆیان بەئۆپۆزیسیۆن دەبینن بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی فەشەلی کۆمەڵگەیە کەسانێک بەدوای ئەمانە دەکەون.

ئێمە پێویستمان بەئۆپۆزیسیۆنی حەقیقی هەیە ئۆپۆزیسیۆنێکمان دەوێ پرۆژەی بۆ کۆمەڵگەو ڕێبەرایەتی پێ بێت، ئۆپۆزیسیۆنی کارتۆنی و پیاوی دەسەڵات، یان ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامگەرا وەڵامی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیان پێ نادرێتەوە

# درێژەی....کارەباش دەدرێت بە کەرتی تایبەت

دەڕۆن کە زۆر دەمێکە نەخشەیان بۆ کێشاوە، ئەویش بەتایبەتکردنی سێکتەری کارەبایە. بۆ ئەم مەبەستەش هەرئێستا پرۆژەی بەتایبەتکردنی کارەبا بۆئەوەی بدرێت بە کەرتی تایبەت، هەموی تەواو بووەو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندایە بۆ واژۆکردن لەسەری، بەبۆچونی من لەم ماوەیەدا واژۆی لەسەر دەکرێت. چونکە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەیانتوانی و دەتوانن کێشەی کارەبا چارەسەر بکەن، چونکە ئەوەتا خودی وەزیر دەڵێت "ئێمە ژێرخانیکمان هەیە کە دەتوانین بڕی ٦٧٠٠ میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنین، بەڵام بەهۆی نەبوونی سوتەمەنیەوە ناتوانین ئەو بڕە بەرهەم بهێنین"

لە راستیدا جێگای پرسیارە دەسەڵاتێک کە خۆی نەوت و غاز بەرهەم دەهێنێت نەتوانێت لە ماوەی ٣٠ی ساڵی دەسەڵاتداریەتیدا ئەو کێشەیە چارەسەربکات و سوتەمەنی دابین بکات بۆ وەزارەتی کارەبا. ئاشکرایە ئەمەیان بۆیە نەکردوە تاوەکو کارەباش وەک سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە بەتەواوی بدەنە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی خۆیان سودمەند بن لێی و خەڵکی هەژاری کوردستانیش ئەگەر پارەیان نییە وەک چۆن منداڵەکانیان ناتوانن لە قوتابخانە تایبەتەکان بخوێنن، وەک چۆن نەخۆشەکانیان چارەسەر ناکرێن و دەبێت چاوەڕوانی مەرگ بکەن، ئاواش دەبێت بە تاریکی ڕۆژ بکەنەوە ،چونکە کارەبا دەدرێت بەوکەسانەی کە خاوەن پارەن.

خەڵکی کوردستان ئەگەر دەیانەوێت ( کارەبا، ئاو، موچە، تەندروستی، ڕێگاوبان، دادگای دادپەروەر، پەروەردە) و هەموو خزمەتگوزاریەکانی باشبێت و دەستیپێیان بگات، دەبێت ئەم دەسەڵاتە وەلانێن، چونکە تاوەکو ئەم حزبانە دەسەڵاتداربن لە کوردستان، ژیانی خەڵکی خراپتر دەبێت، باشتر نابێت.

# له بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە...**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

# درێژەی دوا وتە

چاککردنی ڕێگاوبان.... کە نەوەی نوێ لەبەردەستیدایە سەرچاوەکەی کوێیە؟ ئەو هەموو سامان و داهاتە کە بەرامبەرکێی کۆمپانیاکانی دەسەڵاتی پێ دەکات، چۆن پەیداکراوە؟

گومان لەوەدا نییە، کە نەوەی نوێ خۆی کۆمپانیاکی گەشتیاری و میدیاییە، بەڵام پەل هاویشتنی بۆ بوارەکانی تر و هەموو ئەو مەیدانانەی جەماوەر لە زەمینەی خزمەتگوازرییەکان و پێداویستیە ژیارییەکانی هاولاتیاندا، پێویستی پێیەتی و نەوەی نەوێ لەبەردەستیدایە، نیشان دەدات نەوەی نوێ نەک تەنها کۆمپانیایەکی گەشتیاری و میدیایی، بەڵکو هاوکات کۆمپانیایەکی سیاسی بەکرێگیراوە، کە رۆڵی بەوەکالەت بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ دەسەڵات دەگێرێت و ئامرازیکە بە بەرگرتن بە هاتنە مەیدانی جەماوەری نارەزایەتی بۆسەر شەقام و یەخەگرتنی دەسەڵات، وە رۆڵی بەرگری لە دەسەڵاتی دزو تاڵانچیەکانی دەگێرێت.

ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاسایی لەهەموو جێگایەکی ئەم دنیایە، لەهەوڵی ئەوەدایە جەماوەر لە دژی دەسەڵات بجولێنی و شەقام سازبدات و ئەزمەی دەسەڵات قوڵ بکاتەوە، تا لەو ریگایەوە جەماوەری ناڕازی بەدژی دەسەڵات کۆبکاتەوە و لەو رێگایەوە زەمینە سازی بکات بۆ گەیشتنی بۆ بەشداری لەدەسەڵاتدا... بەڵام نەوەی نوێ ئەگەر لە زەمینەی میدیاییدا، جار جارە باسی خۆپیشاندان بکات، بەشێک لە کارنامەی دەسەڵات بخاتە ڕوو، بەڵام بەکردەوە و لە مەیدانی واقعیدا، کاری خامۆش کردنەوەی شەقام و وردکردنی ئیرادەی شۆرشگێرانەو، شکاندنی مانگرتن و خاوکردنەوەی خۆپیشاندان و خەواندنی تورەییەکان و سەرئەنجامیش پاراستنی دەسەڵاتە لەتورەیی جەماوەری و بەرگرکردنیەتی لە دارمان و رامالین.

بۆیە نەوەی نوێ وەکو پۆلیس، سوپاو دەزگای جاسوسیەکانی وەکو پاراستن و زانیاری و دژە تیرۆ و میدیای گێژ کردن، بەشێکی ترە لە حەربەی سەرکوت و گەوجاندنی کۆمەڵگە، لەراستای پاراستنی دەسەڵات، کەدەسەڵاتیش پارێزەی چینی سەرمایەداری کوردستان و کۆمپانیاکانیانە. دیارە دەسەڵاتی سیاسیش زۆر پێویستی بە هێزێکی وەکو نەوەی نوێ هەیە ببێتە دارعاسا و پارێزەری... بەتایبەتی لەهەلومەرجی ئێستای کوردستاندا کە خواستی ڕامالێنی دەسەڵات بۆتە واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگر.

جەماوەری بێبەش و نارازی بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، چۆن ڕووبەڕووە لەگەڵ هێزی چەکداری سەرکوت و ترساندن و تۆقاندن و گێژ کردن، ئاواش بەناچار رووبەڕووە لەگەڵ نەوەی نوێ وەکو هێزێکی کرێگرتەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پارێزەری نەزمی سەرمایە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

دیارە نەوەی نوێ لەگەڵ ئەوەدا ئەو ڕۆڵە بۆ پاراستنی دەسەڵات دەگێرێت و خوازیارە لەو رێگایەوە بۆرژوازی دەسەڵاتدار بیکاتە بەشە شەرعی لە دەسەڵاتی سەرمایەدا، بەڵام شانسی ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاوا بودەڵەو راشکاو لە نۆکەر پیشەیی بۆ دەسەڵاتدا و راوەستاو بەرامبەر بە داواو داخوازی جەماوەری و هەوڵە ڕەنگاو رەنگەکانی بۆ خامۆشکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، سفرە.

ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان لەکاتی خۆیدا توانی جڵەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکات و لەو رێگایەشەوە بەسەر خوێن و ماندوبوون و قوربانیانی بزوتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستاندا بگاتە لوتکەی دەسەڵات و بەشدار لە حکومەتی پەرلەمانی کارتۆنیدا، وە خەون و ئومێدی سەدان هەزار ئینسان بۆ ژیانێکی باشتر لەڕیگای بانگەشەی ساختەی" دەیگۆرین" کوشت و لەبەین برد، ئەوا ئەو شانسە بۆ نەوەی نوێ نییە. خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هوشیارترن، بە ریاکاری و درۆی کۆمپانیایەکی سیاسی و بازرگانێکی بەکریگیراو بۆ پاراستنی دەسەڵات، بروا بکەن و فریو بخۆن.

نەوەی نوێ بە تەمەنێکی کورتەوە سەلماندی هێزیکی بەکرێگیراوی دەسەڵاتە. بە داهات و قوتی هاوڵاتیان کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی تاڵانچیەکان و گەندەڵستانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەستی لێگیربووە، لەسەرە مەرگی دەسەڵاتدا ناتوانێت لە گۆرەپانەکە بمێنێتەوە. جەماوەری هوشیاری کوردستان، بەو هاوڵاتیانەشەوە کە نەوەی نوێ ئاو و نەوت و سوتەمەنی بەسەردا دابەش کردوون، لە یەکلایی کردنەوەی کێشەی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا، کاری خۆیان لەگەڵ نەوەی نویش یەکلادەکەنەوە و تۆڵەی ئەو نۆکەر پیشەیی و بەرگری کردن لە دەسەڵاتی لێ دەکەنەوە.

**ناوەراستی یونی ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕۆژ عەزیز،ستەفا باهیر، شەماڵ بارەوانی،چنار عەلی، بەهزاد حسێن، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، حەکیم میرزا، جەمال نوری، خالید بایەزیدی...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"...**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## پێنج شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)



1-

ڕۆژێک

هەرزە دیکتاتۆرێک

لە گۆڕەپانی شارێک دا

تێ دەپەڕی

وە وتاربێژەکان

لە منارەکانەوە

باسی جوامێری ئەویان

بۆ خەڵک دە کرد

2-

ژنێک

تاڵ تاڵ دەهونێتەوە

ئارەزووەکانی بە بابردوی

لە چوارچێوەی تەنیایی دا

3-

شەوانە

لەگەڵ ئارەزوکانم دا

دەخەوم و

کازیوەی بەربەیانیش

بەسەر شانە چەماوەکانم دا

تا گۆڕستانی زیندوەکان

جەستەکانیان

یەکە یەکە دەنێژم

4-

شەقام

شا گەشکە بوو

لە خۆشی ئەو کرێکارانەی

مانیان گرتبوو

کە بە هاواری نان و ئازادی

بەسەر سینگی دا

تێدەپەڕین

5-

ویستم

پێکەنین بکەمە

ملی هەتاو

هەورێکی ڕەش

هاتوو

ئاسمانی نیگاکانمی

داگیر کرد

............






**بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح...**

## دوا وتە

# نەوەی نوێ بەوێنەی پارێزەری دەسەڵات!!

**عەبدوڵا مەحمود**



کاتێک کرێکارانی ژینگە پارێز لە پێناو موچە دواخراوەکانیان بۆ مافی سادەی ڕەوای خۆیان، دەست لەکار هەڵدەگرن و ماندەگرن و گوشار بۆ کۆمپانیا و دەسەڵات دەهێنن... نەوەی نوێ خێرا لەرێگای کۆمپانیاکانی خۆی، کاری کرێکارانی ژینگە پارێز دەگرێتە ئەستۆ و مانگرتنی کرێکاران توشی شکان دەکات و ئیرادەی سیاسی و یەکگرتوانەیان ورد دەکات. کۆمپانیا و دەسەڵات لەدەستی مانگرتنی کرێکاران و گوشارەکەیان ڕزگار دەکات و دەبێتە فریاد ڕەسی دەسەڵات.

کاتێک خەڵکی هەژارنشێنی گەڕەکەکان بەهۆی نەبوونی بێ ئاوییەوە کۆدەبنەوە و نارەزایەتی دەردەبڕن و گوشار دەهێنن بۆ دەسەڵات تا ئاویان بۆ دابین بکات، تانکەرەکانی نەوەی نوێ بە ئاوەوە دەچنە گەرەکەکان بڕێک ئاو دابەش دەکەن و نارەزایەتی خەڵکی بۆ ئاو خامۆش دەکەنەوە و دەسەڵات لەتورەیی جەماوەری دەپارێزن.

کاتێک هاوڵاتیانی ناوچەیەک بەدژی خراپی ڕێگاو بان، بەدژی دەسەڵات دێنە سەرشەقام و داوای چاککردنی ڕێگایەک دەکەن، گەڵابەو شۆفڵ و حەفارەو مەکینەکانی جادەرێژی نەوەی نوێ دەگەنە جێگاکەو تورەیی و نەفرەتی جەماوەری لەدەسەڵات خاو دەکەنەوە و دەسەڵات لە گوشاری جەماوەری پارێز بەندی دەکەن.

کاتێک هاوڵاتیانی هەژار و نەدارکراوی کوردستان بۆ خۆپارێزی لەسەرمای زستان و بۆ داوای نەوت و سوتەمەنی نارەزایەتی دەردەبڕن، کۆدەبنەوە و گوشار بۆدەسەڵاتی سیاسی دێنن تا وەڵام بەخواستی دابین کردنی نەوت بداتەوە، تانکەرە پڕ نەوتەکانی نەوەی نوێ، بە دابەشکردنی جلیکانە نەوت، تورەیی و غەزەبی رەوای جەماوەری هەژار دادەمرکێنەوەو دەسەڵات لە زەبری جەماوەری رزگار دەکەن.

کاتێک شوفێرانی تەکسی و پاس و هاوڵاتیان، دەست دەدەنە مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ دابینکردنی بەنزین و گاز، بۆ سەیارەکانیان و هاتوچۆیان، یەخەی دەسەڵات دەگرن، نەوەی نوێ بە دابەشکردنی بڕیکی کەمی بەنزین و گاز بە نرخێکی کەمێک هەرزانتر، بڵاوە بە خۆپیشاندەران و مانگرتوەکان دەکات و دەسەڵات لە دەستی ئەو جەماوەرە رزگار دەکات...

بەر لەهەموو شت دەبێ بپرسین و نەوەی نوێش ناچار بکرێت وەڵام بداتەوە ئەوەیە، ئەو داهات و سەرمایە، بۆ پاککردنەوەی گەرەکەکان، نەوت و ئاو و بەنزین و ئامرازەکانی

بۆ لاپەڕە 14